# ئاڵای سپی و سپیپۆشی لەنێوان سیاسەت و پاشخانی ئایینیدا(١٣٢ك/٧٥٠ز-٣٥٨ك/٩٦٩ز)

بەختیار عبد الله کریم [١]

[٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

لەگەڵ ئەوەی لەئایینی ئیسلامدا، واتە لە قورئان و لەلایەن خودی پێغەمبەر (د.خ)ەوە، هەروەها دواتریش لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیشدا بەکارهێنانی ڕەنگێك بەسەر ڕەنگێکی دیکەدا زاڵنەکراوەو بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی نەخراوەتە گەڕ، واتە بەکارهێنانی هیچ ڕەنگێك مەبەست و ئامانجی سیاسی پێنەدراوە، هەروەها هیچ دەقێکی ئایینی لە ئارادا نەبووە ئاماژە بەباشتربوونی ڕەنگێك یان خراپی ڕەنگێك بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەمێژوی سیاسی موسڵمانانداا بەگەڕخستنی ڕەنگەکان لەخزمەتی ئامانجی سیاسیدا، بووەتە دیاردەیەکی ئاشکراو زەق، بۆ کاریگەرتربوونی پرسەکەش لەسەر کۆمەڵگە، دەسەڵاتی سیاسی و نەیارانی دەسەڵات پەنایان بۆ بەگەڕخستن و بەکارهێنانی ئایین بردووە، هەتا پاشخانێکی ئایینی بۆ دروستبکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین فەرمودە بەدەم پێغەمبەر و یارانییەوە هەڵبەستراوە، کە تا ئەمڕۆش لە یادەوەری کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا کاریگەریی و جێکەوتی هەیە. دەتوانین بڵێین دیاردەی بەکارهێنانی سیاسییانەی ڕەنگ لەمێژوی ئیسلامدا، دەگەڕێتەوە بۆ بانگەوازی عەبباسی، کە دوای سەرکەوتنی و دامەزراندنی دەوڵەت، بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش تەنها بۆ ئاڵای دەوڵەتەکە نەبوو، بەڵکو پۆشینی ڕەنگی ڕەشی بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و کاربەدەست و بەرپرسەکاندا سەپاند. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی پێگەی ڕەنگی سپی لە پاشخانی ئایینی موسڵمانان و بەکارهێنانی سیاسییانەی لە ماوەی نێوان (١٣٢ك/٧٥٠ز-٣٥٨ك/٩٦٩ز)دا، بە تیشکخستنەسەر بەهێماکردنی ڕەنگی سپی لەلایەن نەیارانی دەوڵەتی عەبباسییەوە، وەك ڕەنگێکی پێچەوانە بۆ ڕەنگی ڕەشی هێمای عەبباسییەکان و دژایەتیکردنیان .توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەرە دابەشکراوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە پرسی ئاڵای سپی و سپیپۆشی لە پاشخانی ئایینی موسڵماناندا. تەوەری دووەم لە بەکارهێنانی ڕەنگی سپی وەك هێمای بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی عەبباسی، دەدوێت. تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ بەکارهێنانی ئاڵای سپیو سپیپۆشی لە ڕاپەڕینە عەلەوی و ئێرانییەکاندا.

**وشە سەرەکییەکان:** ئاڵای سپی، بەکارهێنانی ئایین، پیرۆزکردن، سپیپۆشی، نەیارانی عەبباسی.

## ١. پێشەکی

ڕەنگەکان خاوەن شەپۆلی جیاوازن لەدرێژیو لەرەلەردا, بۆیە توانای بۆ خۆڕاکێشانیان هەیەو ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر کۆئەندامی دەمار دروستدەکەن, لەبەرامبەریشدا دەرونی مرۆڤ کاردانەوەی لەگەڵ ڕەنگەکاندا دەبێت. ئەمەش وایکردووە لە مێژە مرۆڤ بایەخ بە ڕەنگەکان بداتو مانایەکی هێمایيو ئاماژەییان پێبداتو بۆمەبەستی جۆراوجۆری وەك (جوانکاریو ڕۆحیو ڕەفتارو دابونەریت) بەگەڕیان بخات. لێرەوەش بەتێپەڕبوونی کات ڕەنگەکان چواچێوەی ڕەنگاوڕەنگکردنی سروشتیان تێپەڕاندو ماناو هێماو ئاماژەی تایبەتیان لەژیانی مرۆڤدا وەرگرتووەو پێدراوە, کە پەیوەستکراون بە دۆخو ئەو ڕوداوانەی مرۆ و کۆمەڵگەکان پێیاندا تێپەڕبوونو دەبن، ئەمەش هۆکارە بۆ جیاوازی مرۆڤو کۆمەڵگەکان لە ویست و هۆگرییان بۆ ڕەنگێكو نەخوازراوی ڕەنگێکی دیکە لەلایان. دەسەڵاتو سیاسەت هەوڵیداوە پرسی ئاوێتەبوونی مرۆڤ لەگەڵ ڕەنگەکانداو کاریگەربوونی پێیان, بۆ مەبەست و ئامانجی تایبەتی بەکاربهێنێتو ئاڕاستەی بکات؛ لەمێژوی موسڵمانانیشدا بەگەڕخستنی ڕەنگەکان لەخزمەتی ئامانجی سیاسیدا, بووەتە دیاردەیەکی ئاشکراو زەق, بە ئامانجی بەرەو پیرۆزبردنی ڕەنگەکەش, هەردو لایەنی (دەسەڵاتی سیاسی و نەیارانی دەسەڵات), هاوشێوەی بە هێماکردنی ڕەنگی ڕەش لەلایەن عەبباسییەکانو بەهێماکردنی ڕەنگی سپی لەلایەن نەیارانیانەوە, پەنایان بۆ بەگەڕخستنو بەکارهێنانی ئایین بردووە, ئەویش لەڕێگەی لێکدانەوەی ئایەتو دەقو هەڵبەستنی فەرمودەو وتە.

## ٢. ئاڵای سپیو سپیپۆشی لە پاشخانی ئایینی موسڵماناندا

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٥، ژمارە ٢ (٢٠٢٢)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢ شوبات ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ٢٤ نیسان ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٩ حوزەیران ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: bakhtyarabdullah@ymail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٢ بەختیار عبد الله کریم ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp79-89

بۆ پیرۆزکردنی، ڕەنگی سپی کراوەتە هێما لە هەڵبەستراو هەواڵە ئەفسانەییو پەڕجوییە پاشخان ئاینییەکاندا؛ لەلایەك لە چیرۆکە باوەکانی ناوخەڵکدا، ڕەنگی سپی هێمایە بۆ کەسە نەناسراو و تارماییە باشەکانی نمونەی (خدری زیندە، شەمعون) (التنوخي، ١٩٧٨: ٥٠/١-٥١) (ابن شهر آشوب، ١٩٥٦: ٨٣/٢-٨٥) (ابن الصباغ، ١٤٢٢هـ: ٨٦٣/٢)؛ یاخود ئەفسانەی پەڕجویی لەدایکبونی باوکی پێغەمبەر (د.خ)، کە گوایە عەبایەکی خوری سپی هەڵکێشراو لەخوێنی پێغەمبەر یەحیا، لای پیاوانی ئاینی مەسیحی بووە لە شام، لەکاتی لەدایکبونی ئەودا خوێنی تکاندووە (الدِّيَارْبَكْري، د.س: ١٨٢/١)؛ لەلایەکی دیکە پۆشینی ڕەنگی سپی دراوەتە پاڵ فریشتەو پێغەمبەرانو پیاوچاکان، لەوێنەی ئەوەی دەوترێت فریشتەی مێزەرسپی گۆڕیان بۆ موسا پێغەمبەر هەڵکەندووەو بەخاکیان سپاردووە (ابن عساکر، ١٤٢٢هـ: ٨٦٣/٢)؛ ئیلیاسو سولەیمان پێغەمبەریش پۆشاکیان سپی بووە (ابن عساکر، ١٤٢٢هـ: ٢١٣/٩-٢١٤) (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٢٢٩/١).

## ١.٢ ڕەنگی سپی لە فەرمودەدا

پێغەمبەر (د.خ) بەپاڵنەری پاکژبوون و لەچوارچێوەی هاندانـدا، فەرمـویەتی: "لە پۆشاکدا سپی بپۆشن، چونکە پاکترو جوانترە، مردووەکانیشتانی پێ کفنبکەن"[1]، جگە لەم فەرمودەیە، ئیتر سەرجەم فەرمودەکانی دیکەی تایبەت بە ڕەنگی سپی، لەخانەی هەڵبەستراودا ئەژمارکراون، بۆنمونە فەرمودەی "باشترین پۆشاك کە لە گۆڕو مزگەوتەکاندا پێوەی بچنە خزمەتی خودا، سپییە"[2]؛ یان: "لە ڕۆژانی هەینیدا، خودا کۆمەڵێك فریشتەی بۆ دەرگای مزگەوتەکان تەرخانکردووە، تا داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ ئەوانەی مێزەری سپییان لەسەردایە[3]. واتە خوازراوترین پۆشاك لای پێغەمبەر سپی بووەو زۆرترین کات پۆشیویەتی (البخاري، ١٤٢٢هـ: ١٤٩/٧) (الغزالي، د.س: ٣٧٤/٢)؛ بۆنمونە کاتێك لە کۆچکردنیدا گەیشتە (یثرب) پۆشاکی سپی بوو (البخاري، ١٤٢٢هـ: ٦٠/٥) (أبي شيبة الكوفي، ١٤٠٩هـ: ٣٤٦/٧)؛ بەڵام لەگەڵ ئەم هاندانەی پێغەمبەریشدا بۆ پۆشینی ڕەنگی سپی، سپیپۆشی نەبووەتە ئەرکێکی ئاینی و پێغەمبەر خۆی ڕەنگی دیکەشی پۆشیوە (ابن حزم، د.س: ١١٩/٥)، واتە هەموو ڕەنگەکانی پۆشیوە؛ بۆیە لەنێو هاوەڵانی پێغەمبەرو شوێنکەوت (تابعی)ەکانو لە فەقیهە دیارەکانی مەدینەو مەککەو شام و هەرێمەکانی دیکەدا، تەنها ژمارەیەکی کەمیان پۆشینی پۆشاکی سپییان بەلاوە خۆشەویستترو باشتربووە (أبي شيبة الكوفي، ١٤٠٩هـ: ٤٧٤/١) (الذهبي، ١٩٨٧: ٣١٩/١١)، پۆشینەکەشیان بە ئەرك و پێویستی ئاینی دانەناوە، بەمجۆرە لە سەرەتای ئیسلامدا ڕەنگێك بەسەر ڕەنگێکی دیکەدا زاڵنەکراوە، هەر بۆیە مێزەر ڕەنگێکی تایبەتی نەبووە (الأمين، ١٩٨٣: ٢٤/١).

هاوشێوەی فقهی سوننە، کە پۆشاکی سپی بەباشتر دانراوە بۆ ئیمام و ڕەش بە نەخوازراو (کراهة) ناوبراوەو دەوترێت خەلیفەکانی ڕاشدی سپییان پۆشیوە (الغزالي، د.س: ١٨١/١)؛ لە ئاینزای شیعەی ئیمامیشدا ڕاڤەی (لباس التقوى) لە ئایەتی:" يَابَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ..."دا، بە پۆشاکی سپی لێکدراوەتەوە (القمي، ١٤٠٤هـ: ٢٢٥/١-٢٢٦)؛ هەروەها ئیمامەکانیان زۆرجار سپییان پۆشیوە (الطبري الشيعي، ١٤١٣هـ: ٥٠٥)، بۆ نمونە ئیمامی عەلی چاکەتی سپی پۆشیوە (ابن سعد، ١٩٩٠: ٢٢/٣)، (جعفر الصادق)یش بەزۆری پۆشاکی سپی پۆشیوە، بەتایبەتیش ئەو پۆشاکەی بە (قوهی) ناوبراوە[4]؛ دەڵێن لەلایەن خەلیفە (ابو جعفر المنصور)ەوە بانگهێشتکراوە بۆ کۆشکی هاشمیە، ئەویش بە پۆشاکی سپییەوە چووەو خەلیفە پێیوتووە:"خۆت چواندووە بە پێغەمبەران" (الكليني، ١٣٦٢ش: ٤٤٥/٦-٤٤٦). هەروەها کاتێك (علي الرضا) لەلایەن خەلیفە مەئمون (١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز)ەوە ڕاسپێردرا بۆ ئەنجامدانی نوێژو وتاری جەژن، پۆشاك و مێزەری سپی پۆشیوە (كمال الدين الشافعي، د.س: ٤٦٢). تەنانەت گەیشتۆتە ئەوەی بوترێت ڕەنگی عەلی و نەوەکانی، سپی بووە، بۆ نمونە (نعيم بن أبي خازم) لە دەمەقاڵەی کۆڕی خەلیفە مەئموندا بە (الفضل بن سهل ٢٠٢ك/٨١٧ز)ی وتووە:"ویستوتە دەسەڵات لەنەوەکانی عەبباس بگوازیتەوە بۆ نەوەکانی عەلی، پاشان بیکەیت بە کیسرەوی، خۆ ئەگەر دانانی عەلی ڕەزا لەخۆشەویستیت بۆ عەلی بوایە، ئەوا لەپۆشاکی عەلی و منداڵەکانی، کە سپییە لاتنەدەدا بۆ سەوز، کە پۆشاکی کیسراو مەجوسە" (الجهشیاري، ١٩٣٨: ٣١٣). هەروەها بوێژی شیعە (أبو العلاء السروي)، بەرانبەر ڕەنگی ڕەشی عەبباسییەکان، ڕەنگی ئاڵای عەلەوییەکانی بە سپی ناوبردووەو وتویەتی:

ضدان جالا على خديك فاتفقا     من بعد ما افترقا في الدهر واختلفا
هذا بأعلام بيض اعتدا فبدا     وذا بأعلام سود انطوى فعفا
أعجب بما حكيا في كتب أمرهما     عن الشعارين في الدنيا وما وصفا
هذا ملوك بني العباس قد شرعوا     لبس السواد وأبقوه لهم شرفا
وذا كهول بني السبطين رايتهم     بيضاء تخفق اما حادث أزفا

هەروەها وتویەتی (ابن شهر آشوب، ١٩٥٦: ٨٦/٣):

فراية لبني العباس عابسة     سوداء تشهد فيه التيه والسرفا
وراية لبني الزهراء زاهرة     بيضاء يعرف فيه الحق من عرفا

## ٢.٢ وێناکردنی فریشتەکان بە سپی و سپیپۆشین

لە پاشخانی مەعریفەی ئاینی موسڵماناندا، لە زۆربەی ئەو فەرمودەو گێڕانەوانەی ئاماژە بەدەرکەوتنو بینینی فریشتە دەکەن، بە پۆشاکی سپی و مێزەری سپییەوە وێناکراون بـڕوانە:(ابن الخیاط، ١٩٩٣: ١٦٠) (العیاشي، د.س: ١٥٥/٢) (الكليني، ١٣٦٧ش: ٥٤٧/٥)؛ وەك گێڕانەوەکانی تایبەت بە دەرکەوتنی فریشتە لە جەنگەکانی بەدر[5]، ئوحد (أبي شيبة الكوفي، ١٤٠٩هـ: ٣٧٦/٦) (ابن حنبل، د.س: ١٧١/١، ١٧٧) (البخاري، ١٤٢٢هـ: ٩٦/٥)، حونەین (القمي، ١٤٠٤هـ: ٢٨٨/١) (الثعلبي، ٢٠٠٣: ٢٤/٥)، لەتکردنی سنگی پێغەمبەر (ابن هشام، ١٩٦٣: ١٠٦/١-١٠٧) (ابن الخياط، ١٩٩٣: ١٦٠)، هاتنی جبریل بۆلای پێغەمبەر بە پۆشاکی سپییەوە (العیاشي، د.س: ٣٢٩/١). لەباسی هاتنو بینینی فریشتەکان لە جەنگی بەدردا، وتراوە لەلای ڕاستەوە کە ئەبوبەکری لێبووە، جبریل بە (٥٠٠) فریشتەوە، لەلای چەپیشەوە کە عەلی لێبووە، میکائیل بە (٥٠٠) فریشتەوە، بە پۆشاك و مێزەری سپییەوە بینراون و هاتوون بۆ یارمەتی موسڵمانان (ابن سعد، ١٩٩٠: ١١/٢) (الثعلبي، ٢٠٠٣: ٣٣٢/٤)، وەك دیارە ئەم گێڕانەوەیە مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیەو هەوڵدانە بۆ گونجاندنو هاوشێوەکردنو یەکسانکردنی ڕۆڵ و هاوڕێیی ئەبوبەکرو عەلی، چونکە بەگوێرەی گێڕانەوەکانی تایبەت بە جەنگەکەو دابەشکردنی سوپای موسڵمانان، عومەر لەلای چەپ بووەو (بن سلیمان، ٢٠٠٣: ٧/٢)، باسی ئەبوبەکرو عەلی ناکرێت (ابن سعد، ١٩٩٠، ١٦/٢).

لەپاشخانی مەعریفەی ئاینزای شیعەی ئیمامیدا، هاوشێوەی گێڕانەوە گشتییەکان، فریشتەکان لەجەنگی بەدردا پۆشاکیان سپی بووە (العیاشي، د.س: ١٩٦/١)، هەروەها دەڵێن فریشتەکان کە چوون بۆلای (لوط) پێغەمبەر، مێزەرو پۆشاکی سپییان پۆشیوە (العیاشي، د.س، ١٥٥/٢) (الكليني، ١٣٦٢ش، ٣٢٨/٨-

٣٢٩)، جگە لە فریشتەکان، گێڕانەوەکان وێنەی جنۆکە موسڵمانەکانیان بە پۆشینی پۆشاکی سپی وێناکردووە[6].

## ٣.٢ ڕەنگی سپی لە پێشهات و پێشبینییە ئایینزاییەکاندا

پرسی سپیپۆشی و ئاڵای سپی بووەتە بەشێك لەو فەرمودەو گێڕانەوانەی هەواڵ لەڕوداوەکانی داهاتوو دەدەن، بەتایبەتیش لەپاشخانی مەعریفەی ئایینزای شیعەدا، بۆ نمونە مەهدی، کە بە (صاحب الزمان) ناوزەدکراوە، بە پۆشاکی سپییەوە دەردەکەوێتەوە (الطبري الشيعي، ١٤١٣ھ: ٥٥١-٥٥٣). لایەنگرە خۆراسانییەکانیشی بە چاکەتی کڵاوداری ڕەش و پۆشاکی سپی و ئاڵای ڕەشەوەن، وەك دەوترێت: "لە ڕەی، مەوالییەکی باڵا مامناوەندی کۆسەی ڕەشتاڵە لە (بني تميم) بەناوی (شعيب بن صالح) بە چوار هەزار جەنگاوەرەوە دەردەکەوێت، کە پۆشاکەکانیان سپییەو ئاڵاکەیان ڕەشەو پێشەنگی مەهدییەو هەر کەسێك بەرەنگاری بێتەوە شکستدەهێنێت"، واتە سەرکردەی پێشەنگی سوپای مەهدییە[7]. ئەمە جگە لە وەی لە ئەفسانەکانی شیعەدا، ئاڵای شوێنکەوتوانی عەلی لە نێو ئاژەڵاندا، سپی و سەوزن (ابن طاووس، ١٤١٣ھ: ٤١٩-٤٢٠)، تەنانەت ئەم دو ڕەنگە لە خەونەکانیشدا ڕۆڵی هەبووە، بۆ نمونە لە خەونی فەرمانکردنی مەهدی بە دروستکردنی مزگەوتی (جمكران) لە (٢٧ی ڕەمەزانی ٣٧٣ك/٩٨٣ز)دا، ئەوانەی لە خەونەکەدا نوێژیان لەو شوێنەدا کردووە، نیوەیان پۆشاکی سپی و نیوەکەی دیکەشیان پۆشاکیان سەوز بووە (الحائري، د.س: ٥٠-٥٢).

## ٤.٢ بەکارهێنانی ڕەنگی سپی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی

لە مێژوی سیاسی ئیسلامدا، هیچ ئاماژەیەکی ئایینی و مێژویی لەبەردەستدا نییە، کە پێغەمبەر (د.خ) بە پاڵنەری ئایینی ڕەنگێکی دیاریکراوی لەلا پەسەند بوبێت؛ بەڵکو وەك نەریتی سەربازی، کە جۆری ڕەنگ و گەورەیی ڕووبەری ئاڵا بۆ مەبەستی دروستکردنی سام و ترس لەلای دوژمن، بەکارهاتووە (ابن خلدون، ١٩٨٨: ٣١٩/١-٣٢٠)، پێغەمبەریش لەو چوارچێوەیەدا بۆ ئاڵای لەشکرو دەستە سەربازییەکانی، ڕەنگی (سپی، ڕەش، زەرد)ی بەکارهێناوە، واتە ڕەنگی سپی هاوشانی ڕەنگەکانی دیکەو بەگوێرەی جێگەو پێگەو لە کاتی پێویستدا بەکارهێناوە، وەك دەوترێت ئاڵای گشتی سپی و ئاڵای قۆڵەکانی سوپا ڕەش بووە[8]، واتە ئاڵای گشتی سەربازگە (معسكر)ی سپی بووەو (الطبراني، د.س: ٢٢/٢، ١٦٠/١٢) (ابن عساكر، ١٤٢٢ھ: ٢٢٤/٤) (لا إله إلا الله محمد رسول الله)ی لەسەر نوسرابوو (الطبراني، ١٤١٥ ھ: ٧٧/١) (ابن عدي، ١٩٩٧: ١٣/٣). هۆکاری سپیبونی ئاڵای گشتیش بۆ ئەوەبووە هەتا جیاوازبێت لەئاڵای سەرکردە مەیدانییەکانی سوپاکە (السرخسي، ١٩٦٠: ٧٢/١). هاوکات ئاڵای کۆچەر (موهاجیر)ەکان ڕەش و بەیداخیان سپی و ئاڵای ئەنسارییەکانیش ڕەش و سپی بووە (ابن هشام، ١٩٦٣: ٩١٢/٤-٩١٣) (المقريزي، ١٩٩٩: ١٢/٢، ١٧٠/٧).

ئاڵای هەندێك لە غەزاو دەستە سەربازییەکان، کە پێغەمبەر بەمەبەستی سەربازیی جۆراوجۆر دەیناردن، سپی بووە، وەك دەستەکانی (حمزة بن عبدالمطلب، عبيدة بن الحارث بن المطلب بن عبد مناف، سعد بن أبي وقاص...) (ابن سعد، ١٩٩٠: ٤/٢-٥) (الطبري، ١٣٨٧ھ: ٤٠٢/٢-٤٠٣)، هەروەها غەزاکانی (بنو قينقاع، ذِي الْعُشَيْرَةِ، الأبواء، بواط...) (ابن سعد، ١٩٩٠: ٢/٢-٨، ٢٢) (الطبري، ١٣٨٧ھ: ٤٠٧/٢-٤٠٨). هەندێکجاریش ئاڵای سەرکردایەتی سپی و ئاڵاکەی دیکەیان ڕەش بووە. وەك ناردنی (عمرو بن العاص) بۆسەر هۆزی (قضاعة) لە (ذات السلاسل)؛ هەندێکجاریش ڕەنگەکانیان پێچەوانە بووە[9]. لە یەکەم جەنگی نێوان موسڵمانان و قوڕەیشیشدا، واتە لەجەنگی بەدردا (٢ك/٦٢١ز) ئاڵای گشتی (بەیداخ) کە بە (مصعب بن عمير بن هاشم) بووە، سپی بووە (ابن هشام، ١٩٦٣: ٤٤٥/٢)، هاوکات دو ئاڵای مەیدانی (الراية) ڕەشیش بە (علي بن ابي طالب)و (سعد بن معاذ) بوون (ابن هشام، ١٩٦٣: ٤٤٥/٢) (السرخسي، ١٩٦٠: ٧٢/١). دەوترێت لە فەتحی مەککەشدا بەیداخی موسڵمانان سپی بووە (المقريزي، ١٩٩٩: ١٥٩/٧-١٦٠)، هەروەها بۆ غەزاکانی (خيبر، مؤته)، پێغەمبەر ئاڵای سپی داوە بە هەریەك لە (علي بن ابي طالب و زيد بن حارثة) (ابن هشام، ١٩٦٣: ٧٩١/٣) (ابن سعد، ١٩٩٠: ٨٢/٢، ٩٨).

هەندێکجار لەجەنگدا ڕەنگی سپی وەك هێماو ئاماژە بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوە بەکارهاتووە، بۆنمونە (عبدالله بن جبير)ی بەرپرسی تیرهاوێژەکان کە پێغەمبەر لەچیای ئوحد جێگیریکردن، پۆشاکی سپی بووە، تا بۆ پێدانی فەرمان و ڕێنمایی، لەدورەوە لە تیرهاوێژەکانی دیکە جیابکرێتەوەو بناسرێتەوە (ابن سعد، ١٩٩٠: ٣٦٢/٣). لەجەنگی (الجمل)یشدا پۆشاك و کڵێتەی سەرکردە سەربازییەکانی سوپای خەلیفە عەلی سپی بووە، بەڵام مێزەرەکانیان زەرد یان ڕەش بووە، شانبەشانی ئەوان مێزەری جەنگاوەرانی یەکێك لە تیپە سەربازییەکان سپی بووە (بن شدقم، ١٩٩٩: ١٢١-١٢٥). لەجەنگی (صفين)شدا، هێماو نیشانەی عێراقییەکان خوری سپی بووە، کە لەسەر شانو سەریان دایاناوە (المنقري، ١٣٨٢ھ: ٣٣٢)؛ جەنگاوەرەکانی (سعيد بن بهدل الشيباني)ی خەواریجیش پەڕۆی سپییان لەسەریان بەستووە (پێچاوە) هەتا یەکدی بناسنەوە (ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٢٣٠/٣)، هەروەها (طارق بن زياد)و جەنگاوەرەکانی لە هەڵمەتەکەیاندا بۆسەر ئەندەلوس مێزەری سپیان لەسەربووە (ابن خلكان، ١٩٩٤: ٣٢٣/٥) (المقري، ١٩٠٠: ٢٤٢/١).

## ٥.٢ ئاڵای سپیو سپیپۆشی لای عەباسییەکان

بەدروشمکردنی ڕەنگی ڕەش، ئەوە ناگەیەنێت کە عەباسییەکان بەهیچ شێوەیەك ڕەنگی سپییان وەك هێما بەکارنەهێنابێت، دەوترێت یەکێك لەو دو ئاڵایەی (إبراهيم الإمام) بەناوی سێبەر (الظل)و بەناوی هەور (السحاب) بۆ (ابو مسلم الخراساني) ناردووە، سپی بووە[10]، هەرچەندە (ابن كثير ٧٧٤ك/١٣٧٣ز) دەڵێت:"هەردوو ئاڵاکە ڕەش بوون" (ابن كثير، ١٩٨٨: ٣٣/١٠)، بەڵام دورنییە کە ئاڵایەکیان سپی بوبێت وەك چواندنی بە سپێتی هەور؛ بۆنمونە لەسەردەمی خەلیفە (المتوكل على الله ٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز)دا ئاڵایەکی ڕەش بەناوی ئاڵای (لواء العهد)ەوە وەك هێما دەدرا بەجێنشین ڕەنگەکەی ڕەشبوو، هاوکات ئاڵایەکی دیکەی سپی هەبوو بەناوی ئاڵای کار (لواء العمل) (الطبري، ١٣٨٧ھ: ١٧٦/٩). هەروەها لە ڕۆژگاری باڵادەستیی تورکەکاندا ئاڵای میرو سەرۆکی سوپا لە ئاوریشمی سپی بووە، دواتر لەساڵی (٣٦٧ك/٩٧٧ز)دا، جگە لە ئاڵا سپییەکە، بەیداخێکی بەزێڕ ڕووکەشکراویش لەلایەن خەلیفەوە دراوە بە (عضد الدولة)ی بوەیهی، کە پەیمانی ڕاسپاردنی بووە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بە نوێنەرایەتی خەلیفە، بەمەش دو ئاڵای بەدەستەوە بوو (ابن الجوزي، ١٩٩٢: ٢٥٣/١٤) (الذهبي، ١٩٨٧: ٣٦٧/٢٦-٣٦٨)؛ دو لە چوار ئاڵاکەی خەلیفە (المقتدر بالله ٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز)ش لەکاتی بەرەنگاربونەوەی (مؤنس الخادم)دا، سپی بوون (بن سعد القرطبي، ١٣٨٧ھ: ١٥٠/١١).

هەروەها هەندێکجار خەلیفەکانی عەباسی و سەرانی دەوڵەت پۆشاکی سپییان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp79-89

پۆشیوە، جا یان بۆ ڕێزرێی، وەك خەلیفە ئەمین (١٩٣-١٩٨ك/٨٠٩-٨١٣ز) کە لە شەوی (٢٥/ محرم/ ١٩٨ك/٨١٤ز)دا خۆی ڕادەستی (هرثمة بن اعين)ی سەرکردەی سوپای مەئمون کرد، شاڵێکی ڕەش و پۆشاکی سپی پۆشیوە (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٤٨٣/٨)، یان لەباری ئاساییدا وەك خەلیفە (المهتدي٢٥٥-٢٥٦ك/٨٧٠ز)، کە پۆشاکی سپی پۆشیوە (الذهبي، ١٩٨٧: ١٩/١٩) (الذهبي، ١٩٨٥: ٥٣٨/١٢).

## ٣. بەکارهێنانی ڕەنگی سپی وەك هێمای بەرەنگاربونەوەی دەوڵەتی عەبباسی

سپی وەك ناو بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، بۆ نمونە مەجوسییەکانی سەردەمی عەبباسی ئاینەکەی خۆیان بە (ئاینی سپی) ناوبردووە (الذهبي، ١٩٨٧: ١٨/١٦)، وەك لە دانانی (مازيار بن قارن)ی کاربەدەستی تەبرستاندا دەردەکەوێت، کە دوای هەڵگەڕانەوەی لە خەلیفە (المعتصم بالله ٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣-٨٤٢ز) دەستگیرکرا، وتویەتی برای (ئەفشین)ی سەرکردەی عەبباسی بەناوی ئەوەوە نامەی بۆ برای مازيار ناردووەو وتویەتی هەر ئەو دووانەو بابەك ماون تا (ئاینی سپی) سەربخەن (الطبري، ١٣٨٧هـ: ١٠٩/٩) (ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٢٤٣/٤، ٢٦٨)؛ جگە لەوە سپی (الابيض) کۆشکێکی کیسراکانی ساسانی بووە لە مەدائن، کە لەساڵی (٢٩٠ك/٩٠٣ز)دا خەلیفە (المكتفي بالله) بۆ بەکارهێنانەوەی کەرەستەکانی ڕوخاندی[11].

لە زمانی عەرەبیدا (المُبَيّضة، مبَيّض، ابْتاضَ) واتای سپیپۆشی دەگەیەنێت و بە یەکێك دەوترێت کە پۆشاکەکانی سپی بێت (الجوهري، ١٩٨٧: ١٠٦٨/٣) (النووي، ١٣٩٢هـ: ٨٩/١٧-٩٠)، بۆیە بەهۆکاری ناوی زێدو تیرەو بەرەبابیانەوە، یان بەهۆی پۆشینی پۆشاکی سپییەوە، لەنێو عەرەبداو لەسەرەتای ئیسلامدا کەسانێك بە سپی (البياضي) ناسراون[12]؛ بەڵام لەسەردەمی عەبباسییەکاندا، ناوی (المبيضة) بۆ مانای پێچەوانەی (المسودة) بەکارهات، واتە بەکەسێك وتراوە کە پێچەوانەی ڕەنگی ڕەشی دەوڵەتی عەبباسی، پۆشاکی سپی بپۆشێت (النووي، ١٣٩٢هـ: ٩٠/١٧)، وەك ئاماژەیەك بۆ بوێری ئەو کەسانە، بە (البياضي) ناوزەدکراون، وەك (محمد بن عيسى بن محمد بن عبدالله بن علي بن عبدالله بن عباس ٢٩٤ك/٩٠٧ز) بۆ پۆشاکی سپییەوە چووەتە کۆڕی خەلیفە، ئەویش وتوویەتی ئەو (البياضي)یە کێیە؟ (ابن كثير، ١٩٨٨: ١١٥/١١-١١٦).

### ١.٣ ناوزەدکردنی گروپە نەیارەکان بە (المبيضة)

سەپاندنی ڕەنگی ڕەش، کاردانەوەی لەلای نەیارانی دەوڵەتی عەبباسی دروستکردو بە پێچەوانەی ڕەنگی دەوڵەتەوە، زۆربەی یاخیبونو ڕاپەڕینەکان، وەك ئاماژە بۆ بەرەنگاربونەوەو ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی عەبباسییەکان، ڕەنگی سپییان کردۆتە هێماو دروشم، بۆیە شوێنکەوتووانی ئەو ڕاپەڕینانە بە سپییەکان (المبيضة) ناوبراون (الأزهري، ٢٠٠١: ٤٠/٥) (الخوارزمي، د.س: ٤٨)، ئەگەرچی ئەو ڕاپەڕینانە هیچ تێڕوانینو وێناو مەبەست و ئاماژەیەکی تایبەتیان لە هەڵبژاردنی ڕەنگی سپیدا نەبووە، جگە لە گوزارشتکردن لە دژایەتیکردنی عەبباسییەکان. بڕوانە:(الخوارزمي، د.س: ٤٨) (الجوهري، ١٩٨٧: ١٠٦٨/٣). بۆیە لە سەرچاوە مێژووییە ئیسلامییەکاندا، کە دەوترێت (بيض)، واتە پۆشاکی سپی پۆشی و ئاڵای سپی هەڵداو لەدەسەڵاتی عەبباسی هەڵگەڕایەوە (ابن خلدون، ١٩٨٨: ٢١٨/٣)، تەنانەت بە خەڵکی ئاژاوەچی و یاخیبوو لەدەسەڵاتی عەبباسی، وتراوە (المبيضة)، بۆ نمونە بەو کەسانە وتراوە کە لەکاتی دانانی خەلیفە (المستعين بالله)دا لەناو بەغدادا ئاژاوەیان ناوەتەوە (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٢٥٧/٩) (ابن الاثير، ١٩٦٦: ١١٧/٧)، هاوکات بەوانەش وتراوە کە لەکاتی لابردنیدا بەرگریان لێکرد، کە خەڵکی بەغداد پشتیوانی خەلیفەی لادراویان کردو بەشێکیان سپییان پۆشی و بەڕەنگاری تورکەکان بونەوە[13]. بەم هۆکارە، بە گروپە نەیارەکانی خیلافەش، کە ئاڵایان سپی بووە بە (المبيضة) ناودەبران، وەك خەواریج، باتنییەکان لەشام، هەندێك لە شیعەکان (الأزهري، ٢٠٠١: ٣٩/٥-٤٠، ٦٣/١٢) (نظام الملك، ١٤٠٧هـ: ٢٨٣) (المقدسي، د.س: ١٢٤/٥)؛ بەڵام ئەم ناوزەدکردنە گشتگیر نەبووە، بەڵکو هەندێك لە بزوتنەوەو ڕاپەڕینو هەڵگەڕانەوەکان، هەرچەندە ئاڵایان سپی بووە، بەڵام بە سپییەکان ناونەبراوان، وەك شۆڕشی زەنج و بزوتنەوەی قەرامتەو بزوتنەوەو ڕاپەڕینەکانی لایەنگرانی ئومەوی لەشام[14].

دەکرێت هەڵگرانی ئاڵای سپی لەسەردەمی عەبباسیدا بۆ دو دەستە دابەشبکەین، یەکەمیان بریتیبوون لەو موسڵمانە نەیارانەی، کە لە دەوڵەتی عەبباسی هەڵدەگەڕانەوە، دەستەی دووەمیش ئەو بزوتنەوانە بوون، کە یان پێشتر هەر موسڵمان نەبووبوون، یاخود هاوکات لەگەڵ هەڵگەڕانەوەیان لە دەوڵەتی عەباسی لە ئاینی ئیسلامیش هەڵدەگەڕانەوەو بانگەشەی ئاینێکی دیکەیان دەکرد، بۆ جیاکردنەوەشیان وتراوە بانگەشەی یەکێك لەم بنەمایانە دەکەن (لێکچواندنی خودا بە مرۆڤ، گەڕانەوە بۆ ژیان پێش هاتنی ڕۆژی دوایی، دۆنادۆن...)، کە لە هەر هەرێم و وڵاتێکدا بەناوێك ناسرابوون، لە ئەسبەهان پێیاندەوترا: (الخرمية و الكوذية)، لە ڕەی (المزدكية، السنباذية)، لە ئازەربیجان بە (الدقولية) لە شوێنێکی بە (المحمرة)و لەودیو ڕوباریش بە (المبيضة) ناسراون (الشهرستاني، ١٤٠٤هـ: ١٧٣/١-١٧٤)، تەنانەت سپییەکانی ئەودیو ڕوباری جەیحون، ئەگەرچی موسڵمانبوون، بەڵام لە بێباوەڕان ئەژمارکراونو پێیانوتراوە (المقنعية المبيضة)و (البغدادي، ١٩٧٧: ٢١٥، ٣٤٩) دەڵێن موقەننەعیان بەخودا ناوزەدکردووە (نظام الملك، ١٤٠٧هـ: ٢٨٣) (ابن الاثير، ١٩٦٦: ٥١/٦-٥٢).

### ٢.٣ ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوەی لایەنگرانی ئومەوی لەشام

ڕاپەڕینی ئومەوییەکانو لایەنگرانیان لەساڵی (١٣٣ك/٧٥٠ز)دا، لە بەراییترینی ئەو ڕاپەڕینانەن، کە ڕەنگی سپییان وەك هێمای بەرەنگاربونەوەو یاخیبوون لە دەوڵەتی عەبباسی بەکارهێنا؛ بۆیە لەسەرچاوەکاندا وشەی (بيض)یان بۆ ئاماژەکردن بەهەڵگەڕانەوەیان بۆ بەکارهاتووە، بۆنمونە دەوترێت (حبيب بن مرة المري) لە (البلقاء، البثنية، حوران)، بەهۆکاری بوونی مەترسی لەسەر خۆی و هۆزەکەی، سپیپۆشی (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٤٤٣/٧) (ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٣٣٢/٣)، بەڵام (عبدالله بن علي العباسي) والی شام، ناچاربوو لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت و شەڕکردن لەگەڵیدا ڕابگرێت، چونکە هاوکات خەڵکی (قنسرين)یش هەڵگەڕانەوە، کاتێکیش عەبدوڵڵا چوو بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونی قنسرين، (أبا غانم عبدالحميد بن ربعي الطائي) لە دیمەشق بەجێهێشت، بەڵام خەڵکی دیمەشق بەسەرکردایەتی (عثمان بن عبدالأعلى بن سراقة الأزدي)یش ڕاپەڕین (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٤٤٤/٩) (ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٣٣٢/٣) (ابن عساكر، ١٤٢٢هـ: ٤٢٨/٣٨). هەڵگەڕانەوەی قنسرين بەسەرکردایەتی (مجزأة بن الكوثر بن زفر بن الحارث الكلابي) سەرکردەی دوا خەلیفەی ئومەوی، ناسراو بە (أبو الورد أبا العباس) بوو، کە لە ترسی خۆی و بەهۆی ناپاکی عەبباسییەکان لەو کەسانەی پەیمانی پاراستنی ژیانیان پێدابوون، هەڵگەڕایەوەو ئاڵای سپی بەرزکردەوە[15]، بەڵام بە گەیشتنی (أبو محمد بن عبدالله بن يزيد بن معاوية بن

أبي سفيان)، کە لەگەڵ خەڵکی (حمص و تدمر)دا چوون بۆ پاڵپشتییان، ئەویانکردە سەرکردەی خۆیان‌و ڕایانگەیاند کە سوفیانییەو دەسەڵات دەگێڕێتەوە بۆ نەوەکانی ئەبو سوفیان (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٤٤٤/٩) (ابن عساكر، ١٤٢٢هـ: ٤٧/٥٧-٤٨). هەرچەندە توانیان شاڵاوی یەکەمی عەبباسییەکان بەسەرکردایەتی (عبدالصمد بن علي) برای (عبدالله بن علي)و هەڵمەتی یەکەمی شاڵاوی دووەمیش تێکبشکێنن، بەڵام (عبدالله بن علي و حميد بن قحطبة) خۆیان ڕاگرت و شکستیان پێهێنان، موحەممەدو (بنو كلب) پاشەکەشەیانکرد بۆ (تدمر)، خەڵکی (قنسرين)یش بەپێدانی بەڵێنی پاراستن، گەڕانەوە ژێرفەرمانی عەبباسییەکان‌و ڕەشیانپۆشی. پێش گەیشتنەوەی سوپای عەبباسی بە دیمەشق، سپیپۆشەکان بڵاوەیانکردو شارەکە بەبێ شەڕ گیرایەوە، (ابو محمد)یش لە حیجاز لەسەردەمی دووەم خەلیفەی عەبباسیدا کوژراو سەری لەگەڵ دو کوڕی دیلکراویدا نێردران بۆ خەلیفە (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٤٤٤/٩-٤٤٥) (ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٣٣٣/٣).

دوای بیستنی هەڵگەڕانەوەی (ابو الورد)، لە هەمانساڵدا خەڵکی قرقیسیاو ڕەقەو دورگەی فوڕاتی هەڵگەڕانەوە (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٤٤٧/٩) (ابن خلدون، ١٩٨٨: ٢١٩/٣)، خەڵکی (جزيرة ابن عمر)یش شوێن (إسحاق ابن مسلم) کەوتن‌و سپییان پۆشی و گەمارۆی (حەران)یاندا، بەڵام بەهۆی کۆکنەبوونیان لەسەر سەرکردەیەك و پەرشوبڵاوییان، دوای دو مانگ گەمارۆدانی حەران، شارەکەیان پێنەگیراو بەگەیشتنی سوپای عەبباسی بەسەرکردایەتی (ابو جعفر المنصور)، ئیسحاق کشایەوە بۆ ڕوهاو داوای پاراستنی ژیانی خۆیکرد (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٤٤٧/٩) (ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٣٣٤/٣-٣٣٥).

## ٣.٣ دەوڵەتی ئومەوی لە ئەندەلوس و ڕەنگی سپی

پێچەوانەی عەبباسییەکان، ئومەوییەکان لە ئەندەلوس بایەخی تایبەتیان بە ڕەنگی سپی داوە، میر (عبدالرحمن الداخل ١٣٨-١٧٢ك/٧٥٥-٧٨٨ز)ی دامەزرێنەری دەوڵەتەکە سپی پۆشیوەو لە ڕەنگەکانی دیکە زیاتر بایەخی پێداوە (المقري، ١٩٩٧: ٣٧/٣، ٤٩) (عبدالعزيز، ١٩٩٥: ١٧١)، کاتێکیش بانگەوازکار (احمد بن معاوية بن محمد بن هشام)ی ناسراو بە (ابن القط) لەساڵی (٢٨٨ك/٩٠١ز)دا بانگەوازی جیهادی کرد، پۆشاك و مێزەری سپی پۆشی و شمشێرێکی سپی هەڵگرت (ابن حيان، ١٩٧٩: ١٣٥) (عبدالعزيز، ١٩٩٥: ١٧١). هاوکات وەك هێمایەك بۆ بێگەردی و پاکێتی، بەشێك لە ئەندامانی بنەماڵەی ئومەوی و جەنگاوەرانی دەوڵەتی ئومەوی، ڕەنگی سپییان پۆشیوە، بۆ نمونە (١٧٠٠) هەزارو حەوت سەد جەنگاوەر لە شاری (طليطلة)ەوە هاتوون بۆلای خەلیفە (الحكم المستنصر بالله ٣٥٠-٣٦٦ك/٩٦١-٩٧٦ز)، کۆڵەوانە (قباء)ی سپییان پۆشیوە (ابن حيان، ١٩٦٥: ١١٧-١١٨) (عبدالعزيز، ١٩٩٥: ١٧١).

پێدەچێت هەر لەکاردانەوەی ئەم پێچەوانە بوونەوەدا بوبێت، لای خەڵکی ئەندەلوس سپیپۆشی بووەتە هێمای پرسەو پرسەگێڕان، بۆ نمونە ئامادەبووانی ڕێوڕەسمی بەیعتدان بە (عبدالرحمن الناصر ٣٠٠-٣٥٠ك/٩١٢-٩٦١ز) لەساڵی (٣٠٠ك/٩١٢ز)دا، وەك هێمای دڵتەنگی بۆ مردنی میر (عبدالله بن محمد بن عبدالرحمن)ی باپیری، چارۆکەی سپییان پۆشیوە (عبدالعزيز، ١٩٩٥: ١٧١)، واتە چارۆکەی سپی وەك هێمای پرسە پۆشراوە، لەساڵی (٣٥٠ك/٩٦١ز)شدا لە ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی (الحكم المستنصر بالله)ی ئومەوی و مردنی خەلیفە (عبدالرحمن الناصر)دا، وەك هێمای دڵتەنگی، ئامادەبووان چارۆکەی سپییان پۆشیوە (المقري، ١٩٠٠: ٣٨٦/١-٣٨٧). هاوکات پرسی سپیپۆشی بۆ پرسە، بووەتە بابەتی هۆنراوەی شاعیران‌و لە چەندین هۆنراوەدا ئاماژەی پێکراوە، وەك: (الشنتريني، ١٩٥٥: ٥٠٦/١)

إِذَا كَانَ الْبَيَاضُ لِبَاسَ حُزْنٍ ... بِأَنْدَلُسَ فَذَاكَ مِنْ الصَّوَابِ
أَلَمْ تَرَنِي لَبِسْت ثِيَابَ شَيْبِي ... لِأَنِّي قَدْ حَزِنْت عَلَى الشَّبَابِ

-------------

ألا يا أهلَ أندلسٍ فَطنتُم        بِلُطفكم إلى شيءٍ عجيبِ
لبستم فِي مآتِمكُم بياضاً        وَجئتم منه في زِيّ غريبِ
صدَقْتُم فالبياضُ لباس حزنٍ        ولا حزن أشدَّ من المشيبِ (المقري، ١٩٩٧: ٤٤٠/٣-٤٤١)

-----

قالت وقد نظرت فروعها ... شيب على فودي منتشر
ما شأن تلك البيض - قلت لها: ... مات الشباب فبيض الشعر (الشنتريني، ١٩٥٥: ٥٠٧/١، ٩١٣/٢)

بەگشتیش خەڵکی شاری (المرية) لە ئەندەلوس پۆشاکی سپییان پۆشیوە، کاتێك بوێژ (أبو الوليد النحلي) چووەتە شارەکەو پۆشاکی ڕەش بووە، ئەم هۆنراوەیەی وتووە:

أَيَجْمُلُ أَنْ تَكُونَ سَوَادَ عَيْنِي ... وَأُبْصِرَ دُونَ مَا أَبْغِي حِجَابَا
وَيَمْشِي النَّاسُ كُلُّهُمْ حَمَامَاً ... وَأَمْشِي بَيْنَهُمْ وَحْدِي غُرَابَا (الشنتريني، ١٩٥٥: ٧٣٦/٢).

## ٤.٣ نوسینی پەرتوك لەسەر ئاڵا سپییەکان

زۆری ژمارەی ڕاپەڕینەکانی ناسراو بە (المبيضة)و ڕوداو و پێکدادانەکانیان لەگەڵ سوپای عەبباسیداو کاریگەرییان لەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵایەتی سەردەمەکانیان، وایکردووە ببێتە بابەتێکی دیارو زەقی مێژوی سەردەمی خیلافەتی عەبباسی، بۆیە چەندین پەرتوك دەربارەیان نووسراوە، بەڵام هەتا ئەم ساتەش هیچیان نەکەوتونەتە بەردەست، بۆ نمونە (محمد بن عبدالله بن المثنى بن عبدالله بن أنس بن مالك ٢١٥ك/٨٣٠ز)ی ناسراو بە (محمد بن عبدالله الانصاري البخاري) قازی بەسرەو پاشان بەغداد لەسەردەمی هارونە ڕەشیددا؛ هەروەها (محمد بن الحسن بن سهل ٢٨٠ك/٨٩٣ز)، (ابن عماد الثقفي ٣١٩ك/٩٣١ز)، واتە (أحمد بن عبيدالله بن محمد بن عماد الثقفي الكاتب) پەرتوکی (المبيضة)یان هەبووە. (المسعودي، ٢٠٠٥: ١٩٤/٤) (ابن النديم، ١٩٩٧: ١٨٢) (الذهبي، ١٩٨٧: ٣٧٧/١٥-٣٧٨) جگە لەوان پەرتوکەکەی (أَحْمد بن عبدالله بن عمار الكوفي ٣٤٦ك/٩٥٧ز)یە، کە (التنوخي) لەساڵی (٣٤٥ك/٩٥٦ز)دا لەڕێگەی (أَبُو مُحَمَّد عبد الرَّحْمَن الْوراق)ی ناسراو بە (الصيرفي)و لە ڕێگەی (أَبُو مُحَمَّد الْأَثْرَم )ەوە دو گێڕانەوەی دەربارەی ڕاپەڕینی هەندێك کەسایەتی عەلەوی لێوەرگرتووە (التنوخي، ١٩٧٨: ١٧٥/٢-١٨٠؛ ١١٣/٤)، کەسانی دیکەش هەواڵ و گێڕانەوەیان دەربارەی سپییەکان لێوەرگرتووە بڕوانە:(الصابي، د.س: ٢٢٣)، تەنانەت (علي بن محمد بن الفرات)ی وەزیر کە لەماوەی وەزارەتەکەیدا (٢٠٠٠٠) بیست هەزار درهەمی بەخشیوە بە فەرمودەو هەواڵگێڕەوەکان، بۆ پەرتوکەکەی (٥٠٠) پێنج سەد درهەم خەڵاتی پێداوە (الحموي، ١٩٩٣: ٣٧٦/١). (المنجم خواجه أبي ريحان محمد بن أحمد البيروني ٤٤٠ك/١٠٤٨ز)یش پەرتوکی (أخبار المبيضة والقرامطة) هەبووە (الطهراني، ١٩٨٣: ٣٤٦/١).

## ٤. بەکارهێنانی ئاڵای سپی و سپیپۆشی لە ڕاپەڕینە عەلەوی و ئێرانییەکاندا

وەك ئاماژەی پێدرا، بزوتنەوەو ڕاپەڕینەکانی تاڵبییەکان (نەوەکانی ابو طالب)و قەرامتەو هەموو لایەنگرەکانی خیلافەتی فاتمی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دژی عەبباسییەکان ڕاپەڕین، ئاڵایان سپی بوو، بۆیە بە (المبیضة) سپییەکان ناوبراون (ابن خلدون، ١٩٨٨: ١/ ٢٥٩).

### ١.٤ هەر دو ڕاپەڕینی (النفس الزکیة) و (الفخ)

یەکەم ڕاپەڕینی عەلەوی لەدژی دەسەڵاتی عەبباسی بریتیبوو لە ڕاپەڕینی (محمد النفس الزکیة ١٤٥ك/٧٦٢ز) لە مەدینە، کە بڕیاربوو لەیەك کات و ڕۆژدا لەگەڵ ئیبراهیمی برایدا لە بەسرە، ڕاپەڕن، بەڵام بەهۆی ڕێککارەکانی خەلیفە (ابو جعفر المنصور)ەوە، موحەممەد ناچاربوو زوتر ڕاپەڕینەکەی ڕابگەیەنێت، کە زۆری نەخایاندو کوژرا، دوای ئەوە ئیبراهیم لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٤٥ك/٧٦٢ز)دا چووە ناو بەسرە و کاروباری شارەکەی گرتەدەست، سپیپۆشی و خەڵکی بەسرەش پۆشاکی ڕەشیان فڕێداو سپییان پۆشی (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٦٣٤/٧) (الذهبي، ١٩٨٧: ٣٦/٩)، بەمەش ڕاپەڕینەکەو لایەنگرانی بە سپییەکان ناوبران، بۆ نمونە تەنانەت کۆیلەیەکی (ابو جعفر المنصور) بەناوی (غزوان) هەواڵ بە خەلیفە دەگەیەنێت کەچەند کەشتییەك لە موسڵەوە کە سپییەکانی تێدایە، بەرێکەوتونو دەچن بۆ هاوکاری ئیبراهیم لە بەسرە، ئەویش بۆسەی بۆدانانو هەموویانی کوشت، کە بازرگانو کەسانی دیار بوون، کەلە سەرەکانیشی لە کوفە هەڵواسی (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٦٣٢/٧)؛ هەروەها (ابو حنیفة النعمان ١٥٠ك/٧٦٧ز) پێشەوای ڕێچکەی فقهی حەنەفی بە (أبو إسحاق الفزاري)،کە براکەی لەگەڵ سپیپۆشەکاندا لە دژی عەبباسییەکان کوژرابوو، وتووە:"بچویتایە بۆ ئەو شوێنەی براکەت، باشتربوو بۆت"، (الخطیب البغدادي، ١٩٩٧: ٣٨٥/١٣).

دووەم ڕاپەڕینی عەلەوی دژی عەبباسی، ڕاپەڕینی (الفخ) بوو لەساڵی (١٦٩ك/٧٨٥ز)دا، بەهۆی ئەوەی (الحسین بن محمد بن الحسن بن الحسن بن الحسن بن علي بن ابي طالب)ی سەرکردەی ڕاپەڕینەکە مێزەری سپی بووە، بە سپییەکان ناوبران؛ ئەم ڕاپەڕینەش هاوشێوەی ڕاپەڕینی یەکەم بەزوویی لەلایەن سوپای عەبباسی بەسەرکردایەتی (مبارك التركي) سەرکوتکراو، دەوترێت سپیپۆشەکان تەنها یازدە ڕۆژ لە مەدینە خۆیان ڕاگرت و لە ڕۆژی (٢٤ی ذي القعدة/١٦٩ك/٧٨٥ز)دا چوون بۆ مەککە، دواتر لەوێ زۆربەیان کوژران[16].

### ٢.٤ ڕاپەڕینی (ابن طباطبا)ی عەلەوی

لە کاتێکدا خەڵکی بەغداد لە هەژمونی (الفضل بن سهل)ی وەزیر بەسەر خەلیفە مەئموندا بێزاربوبوون، بەڵام لە ساڵی (١٩٩ك/٨١٤ز)دا حەسەنی برایشی بوبە والی عێراق (ابن الخیاط، ١٩٩٣: ٣٨٥/١)، ئەمەش هاندەربوو بۆئەوەی (محمد بن إبراهیم بن إسماعیل بن إبراهیم بن الحسن بن الحسن بن علي بن أبي طالب)ی ناسراو بە (ابن طباطبا) لە کوفە لە دژی عەبباسییەکان ڕاپەڕێت (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٢٨/٨-٥٢٩)، کە بە سپیپۆشەکان ناسرانو ناوزەدکران (وکیع القاضي، د.س: ١٥٨/٢). بەماوەیەك پێشتر (أبو السرایا السري بن منصور الشیباني)، کە یەکێکبوو لە سەرکردە سەربازییەکانی خەلیفە ئەمین، لەلایەن (هرثمة بن اعین)ەوە ڕاکێشرابوو بۆ بەرەی مەئمونو نزیکەی دووهەزار جەنگاوەر لە عەرەبەکانی ناو سوپای مەئمون لێیکۆبوبونەوەو شوێنیکەوتبوون (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٣٠٣/٦). نیگەرانبوو بە کەمکردنەوەی تێچونو بەشە خۆراکی جەنگاوەرەکانی (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٢٩/٨) (القاضي النعمان، د.س: ٣٣٤/٣)، بۆیە بەناوی حەجەوە مۆڵەتی وەرگرت و لە بەغداد چووەدەرو دەستیکرد بەتاڵانکردنی کاربەدەستانو پەلاماردانی شارو ئاوەدانییەکان (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٣٠٣/٦-٣٠٤).کاتێك (ابن طباطبا) ڕاپەڕی، بەیعەتی پێدا. بەمەش لە ڕێککەوتی (١٠ی جمادی الأولی/ ١٩٩ك/٨١٤ز)دا خەڵکی کوفە بەیعەتیان پێدا[17]، کە زۆرینەی شوێنکەوتووەکانی شیعەی زەیدی بوون (أبو الفرج الأصبهاني، ١٩٦٥: ٣٥٠). بەمجۆرە (ابو السرایا) سودی لە کەسایەتی (ابن طباطبا) وەرگرت بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی خەڵك و بەکردار بوبە سەرکردەو بڕیاردەری ڕاپەڕینەکەو خۆی بە (بانگەشەکاری خانەوادەی موحەممەد) ناساند (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٣٦/٨). زۆری نەخایاند (ابن طباطبا) مرد، دەوترێت لەلایەن (ابو السرایا)وە ژەهر خواردکراوە، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ تاڵانکارییەکانیدا نەبووەو سەرزەنشتی کردووە (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٢٩/٨) (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٣٠٥/٦)، پاشان ڕایگەیاند کە (ابن طباطبا) وەسیەتی بۆ (محمد بن محمد بن زید بن علی بن الحسین بن علي ابن أبي طالب) کردووە (الیعقوبي، د.س: ٤٤٥/٢) (القاضي النعمان، د.س: ٣٣٤/٣-٣٣٥)، دەشوترێت وتویەتی وەسیەتی بۆ (أبو الحسن علي بن عبیدالله) کردووە (أبو الفرج الأصبهاني، ١٩٦٥: ٣٥٤).

(ابو السرایا) زۆر کەسایەتی عەلەوی تێهەڵکێشی ڕاپەڕینەکە کردو کردنی بە بەرپرس، بەمەش ڕاپەڕینەکە زۆر ناوچەو هەرێمی گرتەوە، بۆ نمونە (إبراهیم بن موسی بن جعفر)ی کردە کاربەدەستی یەمەن، هەروەها (العباس بن محمد بن عیسی بن محمد بن علي بن عبدالله بن جعفر ابن أبي طالب) بۆ بەسرە، (زید بن موسی بن جعفر الصادق) بۆ ئەهواز، (جعفر بن محمد بن زید بن علي)و (الحسین بن إبراهیم بن الحسن بن علي) بۆ (واسط)، (الحسین بن الحسن الأفطس) بۆ مەککە، (فارس إسماعیل بن موسی بن جعفر ) بۆ فارس، (محمد بن سلیمان بن داود بن الحسن بن الحسن بن علي بن أبي طالب) بۆ مەدینە، (محمد بن سلیمان بن داود بن الحسن بن الحسن بن علي) بۆ مەدائن، دانا، کە هەموویان توانیان سەربکەونو دەستبەسەر شارەکاندا بگرن[18]. هەروەها لە کوفە سکەی لێداو لەلایەکی ئایەتی (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُمْ بُنْيَانٌ مَرْصُوصٌ) (سوره الصف، الآیة: ٤) (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٣٠/٨).

(ابو السرایا)و تاڵبییەکان کەوتنە ڕوخاندنو تاڵانکردنی خانوی عەبباسییەکانی کوفەو مەوالییەکانیانو دەرکردنیان لە شارەکەو دەستگرتن بەسەر ئەو پارەو کەلوپەلانەی وەك سپاردە لای خەڵك دایاننابوو (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٣١/٨)، یەکەم خانوش کەتاڵانکراو تێکدرا کۆشکی (العباس بن موسی بن عیسی) بوو (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٣٠٤/٦)، هەروەها لە بەسرەش (زید بن موسی بن جعفر) کەوتە تێکدانو سوتاندنی ماڵ و خانووەکانیان (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٣٥/٨) (الصدوق، ١٩٨٤: ٢٥٩/١)، دەوترێت هەر کەسێکی لە ڕەشپۆشەکان (لایەنگرانی عەباسی) بگرتایە، دەیسوتاند (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٣٥/٨) (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٣١٠/٦)؛ کاتێك دەستگیرکراو نێردرا بۆ لای خەلیفە مەئمون، پێیوت:"خانوی دوژمنەکانمانت لە نەوەی ئومەییەو سەقیف و عەدی و خانەوادەی زیادت وازلێهێناو دەستتکرد بەسوتاندنی خانوی کوڕانی مامت!"، لەگەڵ ئەوەشدا ناردی بۆ لای عەلی ڕەزای برای و لێیخۆشبوو (الصدوق، ١٩٨٤: ٢٥٨/١).

(الحسن بن سهل) دو سوپای دوابەدوای یەك بەسەرکردایەتی (زهیر ابن المسیب)و (عبدوس بن عبد الصمد) بۆ شەڕی (ابو السرایا) نارد، بەڵام هەردو سوپاکە بەرەو

ڕوی شکستی گەورەبوونەوە، ناچاربوو داوا لە (هرثمة بن أعين) بکات بگەڕێتەوە (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٣٠/٨، ٥٣٥-٥٣٦) (أبو الفرج الأصبهاني، ١٩٦٥: ٣٥٢-٣٥٨)، لەئاکامدا (ابو السرايا) شکستیهێناو ڕویکردە ئەهواز، ئەگەرچی کاربەدەستەکەی داوای لێکرد ناوچەکە جێبهێڵێت و نایەوێت دژی بجەنگێت، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە، بۆیە پێکدادان لەنێوانیاندا ڕویدا، هەرچەندە زەیدی و عەلەوییەکان شەڕێکی قورسیانکرد، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا، ئەوانەی دیکەش پەرتەوازە بوون، دواتر (ابو السرايا)و (محمد بن محمد بن زيد) لە جەلەولا دەستگیرکران و ڕادەستی (الحسن بن سهل) کران، ئەویش (ابو السرايا)ی کوشت و کردی بە دو پارچەو لەمبەرو ئەوبەری پردێکی ناو بەغداد هەڵیواسی، بەمجۆرە ماوەی ڕاپەڕینەکە دە مانگی خایاندو (اليعقوبي، د.س: ٤٤٧/٢) (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٣٤/٨-٥٣٥) (القاضي النعمان، د.س: ٣٣٥/٣)، بە زێدەڕۆییەوە وتراوە (٢٠٠،٠٠٠) لە لایەنگرانی عەبباسی کوژران (ابن الخياط، ١٩٩٣: ٣٨٦) (أبو الفرج الأصبهاني، ١٩٦٥: ٣٦٦). هەرچەندە دواتر لەساڵی (٢٠٢ك/٨١٧ز)دا برایەکی (ابو السرايا) لە کوفە سپی پۆشی و لە دژی خیلافەتی عەبباسی ڕاپەڕی، بەڵام زو سەرکوتکرا (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٥٥٨/٨) (ابن الجوزي، ١٩٩٢: ١٠٧/١٠-١٠٨).

### ٣.٤ ڕاپەڕینی (ابن الأفطس)ی عەلەوی لە مەککە

دوای ئەوەی (ابن الأفطس) واتە (الحسين بن الحسن بن علي بن علي بن حسين بن علي بن أبي طالب) لەلایەن (ابو السرايا)وە بۆ مەککە دانرا، سپیپۆشی و بەبێ شەڕ چووە ناو مەککەو کاربەدەستی عەبباسییەکانی دەرکرد (ابن الخياط، ١٩٩٣: ٣٨٦)، بەڵام خەڵکی مەککە بەیعەتیان بە (محمد بن جعفر بن محمد بن علي بن حسين بن علي بن أبي طالب)دا، نەك بە (محمد بن محمد بن زيد بن علي). (ابن الأفطس) فەرمانیکرد بەداماڵین و لێکردنەوەی بەرگی کەعبەو بەرگێکی زەردو بەسەر ئەویشدا بەرگێکی سپی بۆکرد، کە لەسەری نوسرابوو (ابو السرايا)ی بانگەشەکاری موحەممەد، فەرمانی دانانی کردووە (الفسوي، ١٩٨١: ١٨٩/١)، هەروەها ڕایگەیاند لە پۆشاکی عەبباسییەکان پاکیدەکەنەوە، دەشوترێت هەر لەو ڕۆژەدا هەرچی زێڕو گەوهەر لەناو کەعبەدا بوو بردی و تاڵانیکرد (ابن كثير، ١٩٨٨: ٢٦٧/١٠)، تەنانەت دەوترێت جەنگاوەرەکانی دەرگاو پەنجەرەکانیان هەڵکێشاوە، خۆیشی ئەو زێڕەی لێیکردۆتەوە کەپایەکانی پێ ڕوکەشکراوەو لەگەڵ بەرگی کەعبەدا بەسەر شوێنکەوتووەکانیدا دابەشیکردووە (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٣٤٦/٩)، ئەگەر هەواڵی پێبگەیشتایە کەسێك سامان یان سپاردەیەکی عەبباسییەك یان لایەنگرێکیانی لایە، دەستی بەسەردادەگرت، ئەگەر سپاردەکەشی نەدۆزیایەوە خاوەن ماڵەکەی ئەشکەنجەدەداو ناچاریدەکرد بە ڕادەستکردنی پارەیەکی زۆرو دانانی بەوەی ئەو پارەیە هی عەبباسی و لایەنگرانیانە، کەسێکی خەڵکی کوفە بەناوی (محمد بن مسلمة) پرۆسەکەی لە خانویەکدا ئەنجامداوە، کە بە (خانەی ئەشکەنجە) ناوزەدکراوە (الطبري، ١٣٨٧هـ: ٣٣٧/٨).

### ٤.٤ ڕاپەڕینی عەلەوییەکان لە تەبرستان و دەیلەم

عەلەوییەکان چەندین ڕاپەڕینیان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا لە دژی عەبباسییەکان ئەنجامداوە، کە زۆربەشیان ڕەنگی سپییان کردۆتە هێما، گرنگترینیان بریتین لە ڕاپەڕینی بانگەوازکاری عەلەوی لەساڵی (٢٨٧ك/٩٠٠ز) لە تبرستان (المسعودي، ٢٠٠٥: ٢١١/٤) و بانگەوازکاری هاشمی لە (تبرستان، صعدة، جرجان)، ڕاپەڕینی (أبي محمد الحَسَنِ بنِ القَاسِمِ بنِ الحَسَنِ الحسني) ناسراو بە (الداعي)، لەساڵی (٣١٦ك/٩٢٨ز)دا، کە دەستیگرت بەسەر (ڕەی، قەزوین، زنجان، قم، ابهرو...)دا[19]؛ پاشان ڕاپەڕینی کوڕەکەی بەناوی (ابن الداعي) واتە (أَبُو عَبْدِ اللهِ مُحَمَّدُ الحَسَنِ ٣٥٩ك/٩٧٠ز)، کە یەکێکبوو لە سەرکردەکانی (معز الدولة)ی بوەیهی (ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ١٠٧/٦) (ابن الاثير، ١٩٦٦: ٤٠٨/٨-٤٠٩)، بەڵام هەڵگەڕایەوەو لە ساڵی (٣٥٣ك/٩٦٤ز)دا بەنهێنی لە بەغدادەوە خۆی گەیاندە وڵاتی دەیلەم و دەیلەمییەکان پشتگیرییان کردو نازناوی مەهدی لەخۆی نا، ئاڵاکانی ئاوریشمی سپی دەسك سەوز بوون و دروشمی (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ مُحَمَّدٌ رَسُوْلُ اللهِ)یان لەسەر نوسرابوو[20]، تەنانەت دەوترێت لە هەڵهاتنەکەیشیدا عەبایەکی سپی پۆشیوە (بن سعد القرطبي، ١٣٨٧هـ: ٤٠٢/١١).

### ٥.٤ ڕەنگی سپی لای فاتمییەکان و ڕاپەڕینە لایەنگرەکانیان

فاتمییەکان ڕەنگی سپییان وەك هێمای دژبە عەبباسییەکان بەکارهێناوە، بۆ نمونە دوای ئەوەی سوپای فاتمی بەسەرکردایەتی جەوهەری صەقلی لە ساڵی (٣٥٨ك/٩٦٩ز)دا میسری گرت، ڕەنگی ڕەشی قەدەغەکردو پۆشاکی سپی بە وتاربێژەکان پۆشی (الذهبي، ١٩٨٧: ٣١/٢٧) (الذهبي، ١٩٨٥: ٤٦٨/١٦). ئەو ڕاپەڕینانەشی دژی عەبباسییەکانو بەناوی خەلیفەکانی فاتمییەوە لەسنوری دەسەڵاتی عەبباسییەکاندا بەرپاکران، ڕەنگی سپییان کردۆتە ئاڵا، بۆ نمونە کاتێك لە ساڵی (٣١٦ك/٩٢٨ز)دا (ابو طاهر القرمطي) بانگەشەی بۆ مەهدی فاتمی کرد، ئاڵایەکی سپی هەڵکردو ئایەتی (وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُواْ فِي ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ) لەسەرنوسی (سورة القصص، الآية: ٥) (الذهبي، ١٩٨٧: ٣٧٣/٢٣-٣٧٤)؛ هەروەها لەوێنەی ڕاپەڕینی بەساسیری لە ساڵی (٤٤٧ك/١٠٥٥ز)دا[21]، کە وتاربێژو بانگبێژەکانیشی پۆشاکی سپییان پۆشی (ابن الجوزي، ١٩٩٢: ٣٧/١٦).

### ٦.٤ ڕاپەڕینی موقەننەع

(هشام یان هاشم بن حكيم)[22]ی ناسراو بە (المقنع)، لە ساڵی (١٥٩ك/٧٧٦ز)دا ڕاپەڕینی دژی عەبباسییەکان ڕاگەیاند، کە بە سپییەکان ناوزەدکران (المقدسي، د.س: ٩٨/٦) (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٣)، تەنانەت ناوی (المبيضة) بووبە ناوێك بۆ شوێنکەوتەکانی موقەننەع (الخوارزمي، د.س: ٤٨) (الجوهري، ١٩٨٧: ١٠٦٨/٣)، خۆیشی ڕوپۆشێکی زێڕی هەبووە، بۆیە بە دەمامکدار ناوبراوە (الثعالبي، د.س: ٦٥٢) (ابن الاثير، ١٩٦٦: ٣٨/٦). بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە هۆکاری بەستنی دەمامکەکەی هەیە، دەوترێت خێل بووە، یاخود دەموچاوی شێواو بووە (الجاحظ، ١٤٢٤هـ: ٤٦٩/٧) (ابن الاثير، ١٩٦٦: ٣٨/٦)، دەشوترێت خۆی وتویەتی:"هەتا نوری خۆم بشارمەوە، چونکە شوێنکەوتووەکانم توانای بینینی نوری منیان نییە" (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٤)، پێدەچێت ئەم هۆکارەش دروستتربێت، تا پشتڕاستی ئەوە بکاتەوە کە گوایە گیانی خودایی تێکەڵ بەلاشەی بووە.

موقەننەع سەر بەگروپی ڕزامی (الرِّزَامِيَّة) بوو (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٣) (الإسفراييني، ١٩٨٣: ١٣٠) (الشهرستاني، ١٤٠٤هـ: ١٥٤/١)، کە شوێنکەوتەی (رزام بن رزم) بوون و دەگەڕێنەوە بۆ گروپی کەیسانی، کە ئیمامەتیان لە (ابو هاشم عبدالله بن محمد بن علي بن ابي طالب)ەوە بە ڕاسپاردە گواستەوە بۆ (علي بن عبد الله بن عباس)و لە سەردەمی ئەبو موسلیمدا لە خۆراسان دەرکەوتن، دوای کوژرانیشی ڕایانگەیاند کە ئیمامە، هەتا بانگەشەی خوداوەندێتی (ئەبو موسلیم)یان کرد (الشهرستاني، ١٤٠٤هـ: ١٥٣/١-١٥٤)، پاشان موقەننەع بانگەشەی ئەوەی کرد خودا لەشێوەی ئادەمدا، پاشان نوح و ئیبراهیمدا دەرکەوتووە،

بەمجۆرە بەردەوامبووە، تا لە شێوەی مەحەممەدو دواتر عەلی و کوڕو نەوەکانی، پاشان لە شێوەی (ابو مسلم الخراساني)دا، دواتریش لە شێوەی موقەننەع خۆیدا، دەرکەوتووە[23]، هەروەها بانگەشەی ئەوەی کردووە کە (ابو مسلم) باشترە لە پێغەمبەرو ڕایگەیاند (یحیی بن زید) نەکوژراوەو بکوژانی دەکوژێت (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٦/٣٨-٣٩). شوێنکەوتەکانی موقەننەع پێکهاتەو تێکەڵەی جۆراوجۆر بوون، وەك پاشماوەی شوێنکەوتووانی ئایین‌و ئایینزا کۆنەکانی ئێران، بەتایبەتیش خوڕەمییەکان، هەروەها گروپە لادەرە شیعەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بە (باتنییەکان) ناوبراون، کە هەردوو گروپەکە تێکەڵبوون‌و پشتگیریی یەکتریان کردووە، وەك دەوترێت خوڕەمی لەلایەن باتنییەکانەوە پشتگیریکراون، ئەگەر باتنییەکانیش ڕابپەڕینایە ئەوا خوڕەمییەکان دەچونە پاڵیان، چونکە یەك هەڵوێستیان سەبارەت بە ئایین هەبوو[24]، پاشان (المبیضة) سپییەکانی ئەودیو ڕوبار لە (بوخارا)و (صغد) کە سەر بە خوڕەمی بوون، دەرکەوتن‌و پشتیوانیان کرد[25]، تەنانەت تورکە ناموسڵمانەکانیش پاڵپشتیانکردو لە دو قەڵای (بَسْنَامَ و سَنْجَرْدَةَ) لە دەڤەری (کش) کۆبونەوەو چەندین سەرکردەو سوپای عەباسییان تێکشکاند (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٣) (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٦/٣٨-٤٠).

وەك دەردەکەوێت موقەننەع توانیویەتی نەتەوەو ئاڕاستە ئایینیە جیاوازەکان لەدژی دەسەڵاتی عەباسی کۆبکاتەوە، بۆیە سوپای عەباسی نەیتوانی بەئاسانی ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات. سەرکردەی عەباسی (جبرائیل بن یحیی)و یەزیدی برای چوار مانگ شەڕی سپییەکانیان لە شاری بوخارادا کرد، دواجار کارێزێکیان بۆ ژێر شاری (بُومِجَکْثَ) لێداو توانیان (٧٠٠) کەسیان لێبکوژن‌و ئەوانی دیکەش ڕایانکرد بۆ لای موقەننەع. پاشان خەلیفە مەهدی (أبا عون)ی بۆ شەڕی موقەننەع نارد، بەڵام ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبینی (ابن الاثیر، ١٩٦٦: ٦/٣٩-٤٠) (ابن خلدون، ١٩٨٨: ٣/٢٦٠)، تا لەساڵی (١٦١ك/٧٧٨ز)دا چەندین سەرکردەی عەباسی بۆ هێرشکردنە سەر موقەننەع کۆبونەوە، وەك (معاذ بن مسلم، سعید بن عمرو الحرشي، عقبة بن مسلم)، ئەوسا توانیان پاشەکشە بە سپییەکان بکەن‌و لە قەڵای (بسنام)دا گەمارۆیان بدەن، تا دواجار شوێنکەوتووەکانی داوای بەڵێنی پاراستنیان کرد، گوایە (٣٠،٠٠٠) شوێنکەوتەی خۆیان ڕادەستی سوپای عەباسی کردو تەنها (٢٠٠٠) دو هەزار کەسی لەگەڵدا مایەوە. جەنگاوەرانی عەباسی لە ڕێگەی دروستکردنی پێپلیکانە لە ئاسن‌و تەختە بەسەر چاڵی دەرەوەی شورای قەڵاکەدا پەڕینەوە، پاشان بەپڕکردنی پێستی گا لە خۆڵ و دانانی لەسەر یەك، توانیان بچنە ناو شوراکە، بەڵام پێش ئەوەی بگەن، موقەننەع و خێزانەکانی و شوێنکەوتە نزیکەکانی خۆیان فڕێداوەتە ناو ئاگرەوەو نەکەوتنە دەست سوپای عەباسی[26]، دەوترێت مس و شەکری لە ئاگرەکەدا تواندۆتەوە هەتا لاشەی بتوێنێتەوە، بۆیە شوێنکەوتووەکانی وتویانە بەرزبووەتەوە بۆ ئاسمان (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٤)، بەمجۆرە لە ساڵی (١٦٣ك/٧٨٠ز)دا کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە هێنرا (ابن الخیاط، ١٩٩٣: ٤٣٧) (الفسوي، ١٩٨١: ١/١٤٩)، دەوترێت ماوەی (١٤) چواردە ساڵی خایاندووە (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٣) (الإسفرایینی، ١٩٨٣: ١٣٠)، پێدەچێت لە دەستپێکردنی بانگەشەو ڕێکخستنی بزوتنەوەکەوە ئەژمارکرابێت و مەبەست تەنها ماوەی پێکدادانە سەربازییەکان نەبێت. بەهۆی ئەوەی ئەم گروپە بزوتنەوەیەکی سیاسی ئایینی بوون، هاوکات نادیاری لاشەی موقەننەع و کۆتاییەکەی، وایکرد کە شوێنکەوتەکانی خۆیان ڕێکبخەنەوەو بۆماوەیەکی دورودرێژ بمێننەوە، بۆیە لەدوای پازدە ساڵ لە میرایەتی (منصور بن نوح بن نصر)ی سامانی، سپییە باتنییەکان لە خۆراسان‌و بوخارا دەرکەوتنەوەو دەستیانکردەوە بە بانگەشەکردن، کە (منصور بایقرا الحاجب الکبیر)ی پەردەدارو چەند سەرکردەی وەك (أبو سعید ملك، ابو العباس الجراح، تکینك، خمارتکین، عبدالله الجیهان) بەنهێنی پەیوەندییان پێوەکردون‌و یارمەتییان داون، بۆیە هەژمونیان بەسەر دەوڵەتی سامانیدا پەرەیسەندووە، تا گەیشتە ئەوەی نامە بۆ سپییەکانی (فرغانە، خجند، کاشان) بنوسن بۆئەوەی پیلانی گرتنی میر مەنسورو سەرکردەکانی دیکە جێبەجێبکەن، بەمجۆرە لە فرغانە سپییەکان‌و لە خۆراسان قەرامتە هاوپەیمانەکان ڕاپەڕین، بەڵام دواجار شکستیانهێناو ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا (نظام الملك، ١٤٠٧ھ: ٢٧٢-٢٧٨)، هەروەها شوێنکەوتووەکانی لە سەردەمی (البغدادي ٤٢٩ك/١٠٣٧ز)دا لە چیاکانی (ابلاق) بوون (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٤)، لە سەردەمی (السمعاني ٥٦٢ك/١١٦٧ز)شدا لە بوخارا هەبوون بە (سبید جامکان) ناوزەدکراون‌و بە شیعە ناسراون[27].

## ٥. ئەنجام

١. لە دەقە ئایینییەکاندا هیچ ڕەنگێك بەسەر ڕەنگەکانی دیکەدا زاڵنەکراوەو پێشینەی پێنەدراوە، ئاماژەدان بە ڕەنگەکان تەنها لە چوارچێوەی بەکارهێنانیاندا ئەنجامدراوە.

٢. قوڵایی بایەخدان بە ڕەنگی سپی وەك ڕەنگی پاکی و بێگەردی و باوەڕ، لە مێژوی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی کۆمەڵایەتی و دابونەریت، کە هەوڵدراوە لە ڕێگەی هەڵبەستنی چەندین فەرمودەو بەسەرهاتەوە پێگەیەکی ئایینی لە هەست و نەستی موسڵمانانندا بۆ دروستبکەن.

٣. بەشێك لە هەوڵەکانی دروستکردنی پێشینەیی ڕەنگی سپی لە پاشخانی ئایینی و یادەوەری موسڵمانانندا، بۆ بازنەی دژایەتیکردنی دەوڵەتی عەباسی دەگەڕێتەوە ، کە لەبەرامبەر ڕەنگی ڕەشی عەباسییەکاندا هەوڵدراوە ڕەنگی سپی بە ڕەنگی باوەڕو بێگەردی و چاکەخوازی و پیاوچاکان وێنابکرێت.

٤. هاوجوتی پێچەوانەیی ڕەنگی ڕەش و سپی پاڵنەربوو، تا نەیارانی دەوڵەتی عەباسی و بزوتنەوەو ڕاپەڕینەکان، وەك هێمای بەرەنگاربونەوە و دژایەتیکردنی عەباسییەکان، ئاڵاو بەیداخی ڕەنگ سپی بەرزبکەنەوەو تەنانەت هەندێك لە شوێنکەوتەکانیان پۆشاکی سپی بپۆشن.

٥. هەرچەندە ڕەش ڕەنگی فەرمی دەوڵەتی عەباسی بووەو داماڵینی پۆشاکی ڕەش لە کاربەدەستێك، یان ناچارکردنی بە پۆشینی پۆشاکی سپی، وەك سزا بەکارهێناوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە عەباسییەکان بەهیچ شێوەیەك ڕەنگی سپییان بەکارنەهێنابێت و نەپۆشیبێت.

٦. نەیارانی عەباسی لە بەرزکردنەوەو بەهێماکردنی ڕەنگی سپیدا جگە لە ئاماژەی پێچەوانەی ڕەنگی ڕەشی عەباسییەکاندا هیچ مەبەستێکی ئایینی و پاڵنەری ئایینییان نەبووە، بۆیە لەگەڵ جیاوازی (ئایینی، نەتەوەیی، ناوچەیی، ئایینزایی، پاڵنەری دژایەتیکردنی عەباسییەکان) ڕاپەڕینەکاندا، زۆربەی زۆریان ڕەنگی سپییان کردۆتە هێمای بەرەنگاربونەوەی دەوڵەتی عەباسی.

٧. لە ئاکامی ئەنجامی پێشودا، لەسەدەکانی (دووەم، سێیەم و چوارم)ی کۆچیدا ناوی سپییەکان (المبیضة)و سپیپۆشەکان بووەتە ناوێك بۆ ڕاپەڕینەکانی دژ بە دەوڵەتی عەباسی، ئەگەرچی هەندێکیان پرسی ڕەنگی سپییان زەقنەکردۆتەوەو شوێنکەوتەکانیان سپییان نەپۆشیوە.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان

ابن أبي شيبة الكوفي (٢٣٥هـ/٨٥٠م)، عبد الله بن محمد. (١٤٠٩هـ). مصنف ابن ابي شيبة، تحقيق كمال يوسف الحوت، الطبعة الأولى، مكتبة الرشد: الرياض.

ابن الأثير (٦٣٠هـ/١٢٣٣م)، علي بن أبي الكرم محمد الشيباني. (١٩٦٦). الكامل في التأريخ، دار صادر ودار بيروت: بيروت.

ابن الأثير (٦٣٠هـ/١٢٣٣م)، علي بن أبي الكرم محمد الشيباني. (١٩٨٠). اللباب في تهذيب الأنساب، دار صادر: بيروت.

ابن الجوزي (٥٩٧هـ/١٢٠١م)، عبد الرحمن بن علي القرشي. (١٩٩٢). المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، تحقيق محمد عبد القادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية: بيروت.

ابن الصباغ (٨٥٥هـ/١٤٥١م)، علي بن محمد المالكي المكي. (١٤٢٢هـ). الفصول المهمة في معرفة الأئمة، تحقيق سامي الغريري، الطبعة الأولى، دار الحديث، مطبعة سرور: د . م.

ابن النديم (٤٣٨هـ/١٠٤٧م)، محمد بن إسحاق الوراق البغدادي. (١٩٩٧). الفهرست، تحقيق إبراهيم رمضان، الطبعة الثانية، دار المعرفة، (بيروت، ١٩٩٧).

ابن حجر العسقلاني (٨٥٢هـ/١٤٤٩م)، أحمد بن علي الكناني. (١٤١٥هـ). الإصابة في تمييز الصحابة، تحقيق عادل أحمد عبد الموجود وعلى محمد معوض، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية: بيروت.

ابن حجر العسقلاني (٨٥٢هـ/١٤٤٩م)، أحمد بن علي الكناني. (د.س). فتح الباري شرح صحيح البخاري، تحقيق محب الدين الخطيب، الطبعة الثانية، دار المعرفة: بيروت.

ابن حزم الأندلسي (٤٥٦هـ/١٠٦٤م)، علي بن أحمد بن سعيد. (د.س). المحلى، دار الفكر: د. م.

ابن حنبل (٢٤١هـ/٨٥٥م)، أحمد بن محمد الشيباني الوائلي. (د.س). مسند الإمام أحمد، دار صادر: بيروت.

ابن حيان (٤٦٩هـ/١٠٧٦م)، ابي مروان ابن حيان القرطبي. (١٩٦٥). المقتبس في اخبار بلاد الاندلس، تحقيق عبدالرحمن علي الحجي، دار الثقافة، مطبعة سميا دار صادر: بيروت.

ابن حيان (٤٦٩هـ/١٠٧٦م)، ابي مروان ابن حيان القرطبي. (١٩٧٩). المقتبس في اخبار بلاد الاندلس، الجزء الذي نشره ب. شالميتا، المعهد الاسباني العربي للثقافة، كلية الاداب بالرباط: مدريد.

ابن خلدون (٨٠٨هـ/١٤٠٦م)، عبد الرحمن بن محمد الحضرمي. (١٩٨٨). المقدمة، تحقيق خليل شحادة، مطبوعة مع ديوان المبتدأ والخبر، الطبعة الثانية، دار الفكر: بيروت.

ابن خلدون (٨٠٨هـ/١٤٠٦م)، عبد الرحمن بن محمد الحضرمي. (١٩٨٨). ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تحقيق خليل شحادة، الطبعة الثانية، دار الفكر: بيروت.

ابن خلكان (٦٨١هـ/١٢٨٢م)، أحمد بن محمد بن إبراهيم. (١٩٩٤). وفيات الأعيان وانباء أبناء الزمان، تحقيق احسان عباس، الطبعة الاولى، دار صادر: بيروت.

ابن خياط (٢٤٠هـ/٨٥٤م)، خليفة الشيباني العصفري. (١٩٨٣). تأريخ خليفة بن خياط، تحقيق د. سهيل زكار، الطبعة الثانية، دار الفكر: بيروت.

ابن سعد (٢٣٠هـ/٨٤٥م)، محمد بن سعد بن منيع البصري الزهري. (١٩٩٠). الطبقات الكبرى، تحقيق محمد عبد القادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية: بيروت.

ابن شهر آشوب (٥٨٨هـ/١١٩٢م)، محمد بن علي المازندراني. (١٩٥٦). مناقب آل أبي طالب، تصحيح وشرح ومقابلة لجنة من أساتذة النجف الأشرف، مطبعة الحيدرية: النجف.

ابن طاووس (٦٦٤هـ/١٢٦٦م)، علي بن الطاووس الحلي. (١٤١٣هـ). اليقين باختصاص مولانا علي (عليه السلام) بإمرة المؤمنين، تحقيق الأنصاري، الطبعة الاولى، مؤسسة دار الكتاب (الجزائري)، مطبعة نمونة: قم.

ابن عدي (٣٦٥هـ/٩٧٦م)، عبدالله بن عدي الجرجاني. (١٩٩٧). الكامل في ضعفاء الرجال، تحقيق عادل أحمد عبد الموجود وعلي محمد معوض، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية: بيروت.

ابن عساكر (٥٧١هـ/١١٧٦م)، علي بن الحسن إبن هبة الله الشافعي. (١٩٩٥). تأريخ مدينة دمشق وذكر فضلها...، تحقيق محب الدين أبي سعيد عمر بن غرامة العمري، دار الفكر: بيروت.

ابن كثير (٧٧٤هـ/١٣٧٣م)، إسماعيل بن عمر القرشي. (١٩٨٨). البداية والنهاية، تحقيق علي شيري، الطبعة الأولى، دار إحياء التراث العربي: بيروت.

ابن ماجة (٢٧٣هـ/٨٨٥م)، محمد بن يزيد القزويني. (٢٠٠٩). سنن، تحقيق شعيب الأرنؤوط و عادل مرشد، محمَّد كامل قره بللي، عَبداللّطيف حرز الله، الطبعة الاولى، دار الرسالة العالمية: د.م.

ابن مسكويه (٤٢١هـ/١٠٣٠م)، أحمد بن محمد بن يعقوب. (٢٠٠٠). تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق أبو القاسم إمامي، الطبعة الثانية، نشر سروش: طهران.

ابن هشام (٢١٣هـ/٨٢٨م)، عبدالملك بن هشام الحميري المعافري. (١٩٦٣). السيرة النبوية، تحقيق محمد محيي الدين عبدالحميد، مكتبة محمد علي صبيح وأولاده، مطبعة المدني: القاهرة.

أبو الفرج الأصبهاني (٣٥٦هـ/٩٦٧م)، علي بن الحسين. (١٩٦٥). مقاتل الطالبيين، تقديم كاظم المظفر، الطبعة الثانية، منشورات المكتبة الحيدرية: النجف.

الأزهري (٢٥٠هـ/٨٦٤م)، محمد بن أحمد الهروي. (٢٠٠١). تهذيب اللغة، تحقيق محمد عوض مرعب، الطبعة الأولى، دار إحياء التراث العربي: بيروت.

الإسفراييني (٤٧١هـ/١٠٧٨م)، طاهر بن محمد. (١٩٨٣). التبصير في الدين وتمييز الفرقة الناجية عن الفرق الهالكين، تحقيق كمال يوسف الحوت، الطبعة الأولى، عالم الكتب: لبنان.

الأمين، السيد محسن. (١٩٨٣). أعيان الشيعة، تحقيق وتخريج حسن الأمين، دار التعارف للمطبوعات: بيروت.

البخاري (٢٥٦هـ/٨٧٠م)، محمد بن إبراهيم الجعفي. (١٤٢٢هـ). الجامع الصحيح المختصر، تحقيق محمد زهير بن ناصر الناصر، الطبعة الأولى، دار طوق النجاة: د.م.

البغدادي (٤٢٩هـ/١٠٣٧م)، عبدالقاهر بن طاهر بن محمد. (١٩٧٧). الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية، الطبعة الثانية، دار الآفاق الجديدة: بيروت.

بن حماد (٢٢٩هـ/٨٤٤م)، نعيم بن حماد المروزي. (١٩٩٣). كتاب الفتن، تحقيق د. سهيل زكار، دار الفكر: بيروت.

بن سعد القرطبي (٣٦٩هـ/٩٨٠م)، عريب (١٣٨٧هـ). صلة تاريخ الطبري، مطبوع مع تاريخ الطبري، الطبعة الثانية، دار التراث: بيروت.

بن سليمان (١٥٠هـ/٧٦٧م)، مقاتل بن سليمان الأزدي البلخي. (٢٠٠٣). تفسير، تحقيق أحمد فريد، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية: بيروت.

بن شدقم، ضامن المدني. (١٩٩٩). الجمل، تحقيق السيد تحسين آل شبيب الموسوي، الطبعة الاولى، مطبعة محمد: د.م.

التنوخي (٣٨٤هـ/٩٩٤م)، القاضي المحسن بن علي بن محمد (١٣٦٤هـ). كتاب الفرج بعد الشدة، الطبعة الثانية، مطبعة امير، منشورات الرضي: قم.

الثعالبي (٤٢٩هـ/١٠٣٨م)، عبدالملك بن محمد بن إسماعيل. (د.س). ثمار القلوب في المضاف والمنسوب، دار المعارف: القاهرة.

الثعلبي (٤٢٧هـ/١٠٣٦م)، أحمد بن محمد بن إبراهيم. (٢٠٠٣). الكشف والبيان عن تفسير القرآن، تحقيق الإمام أبي محمد بن عاشور، مراجعة الأستاذ نظير الساعدي، الطبعة الأولى، دار إحياء التراث العربي: بيروت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp79-89

الجاحظ (٢٥٥هـ/٨٦٩م)، عمرو بن بحر البصري. (١٤٢٣هـ). البيان والتبيين، دار ومكتبة الهلال: بيروت.

الجاحظ (٢٥٥هـ/٨٦٩م)، عمرو بن بحر البصري. (١٤٢٤هـ). الحيوان، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية: بيروت.

الجَهْشَيَاري (٣٣١هـ/٩٤٣م)، محمد بن عَبْدوس الكوفي. (١٩٣٨). كتاب الوزراء والكتاب، تحقيق مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبدالحفيظ شلبي، الطبعة الاولى: مصر.

الجوهري (٣٩٣هـ/١٠٠٣م)، إسماعيل بن حماد الفارابي. (١٩٨٧). الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، تحقيق أحمد عبد الغفور عطار، الطبعة الرابعة، دار العلم للملايين: بيروت.

الحائري، علي اليزدي. (د.س). إلزام الناصب في إثبات الحجة الغائب، تحقيق السيد علي عاشور، الطبعة الثانية: د.م.

الحموي (٦٢٦هـ/١٢٢٩م)، ياقوت بن عبد الله الرومي. (١٩٩٣). معجم الأدباء أو إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، الطبعة الأولى، تحقيق إحسان عباس، دار الغرب الإسلامي: بيروت.

الحموي (٦٢٦هـ/١٢٢٩م)، ياقوت بن عبد الله الرومي. (١٩٩٥). معجم البلدان، الطبعة الثانية، دار صادر: بيروت.

الخطيب البغدادي (٤٦٣هـ/١٠٧٢م)، أحمد بن علي بن ثابت. (١٩٩٧). تأريخ بغداد، تحقيق مصطفى عبد القادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية: بيروت.

الخوارزمي (٣٨٧هـ/٩٩٧م)، محمد بن أحمد بن يوسف الكاتب البلخي. (د.س). مفاتيح العلوم، تحقيق إبراهيم الأبياري، الطبعة الثانية، دار الكتاب العربي: د.م.

الدِّيارْبَكْري (٩٦٦هـ/١٥٥٨م)، حسين بن محمد بن الحسن. (د.س). تاريخ الخميس في أحوال أنفس النفيس، دار صادر: بيروت.

الذهبي (٧٤٨هـ/١٣٤٨م)، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز. (١٩٦٣). ميزان الاعتدال في نقد الرجال، تحقيق علي محمد البجاوي، الطبعة الأولى، دار المعرفة: بيروت.

الذهبي (٧٤٨هـ/١٣٤٨م)، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز. (١٩٨٥). سير أعلام النبلاء، تحقيق مجموعة من المحققين، بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، الطبعة الثالثة، مؤسسة الرسالة: بيروت.

الذهبي (٧٤٨هـ/١٣٤٨م)، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز. (١٩٨٧). تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تحقيق د. عمر عبد السلام تدمرى، الطبعة الأولى، دار الكتاب العربي: بيروت.

السرخسي (٤٨٣هـ/١٠٩٠م)، محمد بن أحمد بن أبي سهل. (١٩٦٠). شرح السير الكبير، تحقيق د. صلاح الدين المنجد، مطبعة مصر: د.م.

السمعاني (٥٦٢هـ/١١٦٧م)، عبدالكريم بن محمد التميمي. (١٩٦٢). الأنساب، تحقيق عبدالرحمن بن يحيى المعلمي اليماني، الطبعة الأولى، مجلس دائرة المعارف العثمانية: حيدر آباد.

الشنتريني (٥٤٢هـ/١١٤٧م)، علي بن بسام. (١٩٨١). الذخيرة في محاسن أهل الجزيرة، تحقيق إحسان عباس، الدار العربية للكتاب/ ليبيا و تونس، الطبعة الاولى. د.م.

الشهرستاني (٥٤٨هـ/١١٥٣م)، محمد بن عبد الكريم. (١٤٠٤هـ). الملل والنحل، تحقيق محمد سيد كيلاني، دار المعرفة: بيروت.

الصابي (٤٤٨هـ/١٠٥٦م)، الهلال بن المحسن. (د.س). تحفة الأمراء في تاريخ الوزراء، تحقيق: عبد الستار أحمد فراج، مكتبة الأعيان: د.م.

الصدوق (٣٨١هـ/٩٩١م)، محمد بن علي القمي. (١٩٨٤). عيون أخبار الرضا (ع)، تصحيح وتعليق الشيخ حسين الأعلمي، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، مطابع مؤسسة الأعلمي: بيروت.

الطبراني (٣٦٠هـ/٩٧٠م)، سليمان بن أحمد بن أيوب. (١٤١٥هـ). المعجم الأوسط، تحقيق طارق بن عوض الله وعبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، دار الحرمين: القاهرة.

الطبراني (٣٦٠هـ/٩٧٠م)، سليمان بن أحمد بن أيوب. (١٤١٥هـ). المعجم الكبير، تحقيق حمدي بن عبدالمجيد السلفي، الطبعة الثانية، مكتبة ابن تيمية: القاهرة.

الطبري (٣١٠هـ/٩٢٣م)، محمد بن جرير. (١٣٨٧هـ). تاريخ الطبري، تاريخ الرسل والملوك، وصلة تاريخ الطبري، الطبعة الثانية، دار التراث: بيروت.

الطبري (الشيعي) (ق ٤هـ/١١م)، محمد بن جرير. (١٤١٣هـ). دلائل الإمامة، تحقيق قسم الدراسات الإسلامية/مؤسسة البعثة/قم، الطبعة الأولى: قم.

الطهراني، الشيخ آقا بزرگ. (١٩٨٣). الذريعة، الطبعة الثالثة، دار الأضواء: بيروت.

عبدالعزيز، سحر السيد (الدكتورة). (١٩٩٥). "ملابس الرجال الاندلس في العصر الإسلامي". مجلة المعهد المصري للدراسات الاسلامية في مدريد، المجلد السابع والعشرون، عدد خاص.

العياشي (٣٢٠هـ/٩٣٢م)، محمد بن مسعود. (د.س). تفسير، تحقيق السيد هاشم الرسولي المحلاتي، المكتبة العلمية الإسلامية: طهران.

العيني (٨٥٥هـ/١٤٥١م)، بدرالدين محمود بن أحمد. (د.س). عمدة القاري شرح صحيح البخاري، دار إحياء التراث العربي: بيروت.

الغزالي (٥٠٥هـ/١١١١م)، محمد بن محمد بن محمد الطوسي. (د.س). إحياء علوم الدين، دار المعرفة: بيروت.

الفسوي (٢٧٧هـ/٨٩٠م)، يعقوب بن سفيان بن جوان الفارسي. (١٩٨١). المعرفة والتاريخ، تحقيق أكرم ضياء العمري، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة: بيروت.

فوزي، فاروق عمر. (د.س). "الرايات والألوية وشعارات الحرب عند العرب". مجلة الدراسات في التاريخ والآثار، جمعية المؤرخين والآثاريين في العراق، ٥، ٤٩-٦٦.

القاضي النعمان (٣٦٣هـ/٩٧٤م)، النعمان بن محمد التميمي المغربي. (١٩٦٣). شرح الأخبار، تحقيق السيد محمد الحسيني الجلالي، مؤسسة النشر الإسلامي التابعة لجماعة المدرسين بقم: قم.

القاضي النعمان المغربي (٣٦٣هـ/٩٧٤م)، النعمان بن محمد التميمي المغربي. (١٩٦٣). دعائم الاسلام، تحقيق آصف بن علي أصغر فيضي، الطبعة الثانية، دار المعارف: القاهرة.

القمي (٣٢٩هـ/٩٤١م)، علي بن إبراهيم. (١٤٠٤هـ). تفسير القمي، تصحيح وتعليق السيد طيب الموسوي الجزائري، الطبعة الثالثة، مؤسسة دار الكتاب: قم.

الكليني (٣٢٩هـ/٩٤١م)، محمد بن يعقوب الرازي. (١٣٣ش). الكافي، تصحيح وتعليق علي أكبر الغفاري، دار الكتب الإسلامية، الطبعة الخامسة، مطبعة حيدري: طهران. ج٢ ط٤ ١٣٦٥ ج٥ ط ٣ ١٣٦٧ ج٦و ٨ ط٤ ١٣٦٢.

كمال الدين الشافعي (٦٥٢هـ/١٢٥٤م)، محمد بن طلحة. (د.س مطالب السؤول في مناقب آل الرسول (ع)، تحقيق ماجد احمد عطية: د.م.

المسعودي (٣٤٦هـ/٩٥٧م)، علي بن الحسين. (٢٠٠٥). مروج الذهب ومعادن الجوهر، مراجعة كمال حسن عي، الطبعة الاولى، المكتبة العصرية: بيروت.

المقدسي (بعد ٣٥٥هـ/٩٦٦م)، المطهر بن طاهر. (د.س). البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية: بورسعيد.

المقري (١٠٤١هـ/١٦٣١م)، أحمد بن محمد التلمساني. (١٩٠٠). نفح الطيب من غصن الأندلس الرطيب، تحقيق إحسان عباس، دار صادر: بيروت. ج٣، (١٩٩٧).

المقريزي (٨٤٥هـ/١٤٤١م)، أحمد بن علي العبيدي. (١٩٩٩). إمتاع الأسماع، تحقيق محمد عبد الحميد النميسي، الطبعة الأولى، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية: بيروت.

المنقري (٢١٢هـ/٨٢٧م)، نصر بن مزاحم الكوفي. (١٣٨٢هـ). وقعة صفين، تحقيق عبدالسلام محمد هارون، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية الحديثة، مطبعة المدني: القاهرة.

نظام الملك (٤٨٥هـ/١٠٩٢م)، الحسن بن علي الطوسي. (١٤٠٧ه). سياست نامه، تحقيق يوسف حسين بكار، الطبعة الثانية، دار الثقافة: قطر.

النووي (٦٧٦هـ/١٢٧٧م)، يحيى بن شرف بن مري. (١٣٩٢هـ). المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، الطبعة الثانية، دار إحياء التراث العربي: بيروت.

وكيع القاضي (٣٠٦هـ/٩١٨م)، محمد بن خلف بن حيان (د.س). أخبار القضاة، تصحيح وتعليق وتخريج عبدالعزيز مصطفى المراغي، عالم الكتب: بيروت.

اليعقوبي (بعد ٢٩٢هـ/٩٠٥م)، أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر (د.س). تاريخ اليعقوبي، اعادة النشر نسخة دار صادر من قبل مؤسسة نشر فرهنگ أهل بيت عليهم السلام/قم: بيروت.

---

[1] - دەق فەرمودەكە:"البسوا من ثيابكم البياض فإنه أطهر وأطيب وكفنوا فيه موتاكم". دروستی فەرموودەكە لەئاستی باش (حسن)دایە، بڕوانە:(أبي شيبة الكوفي، ١٤٠٩هـ: ٤٦٨/٢) (ابن حنبل، د.س: ١/ ٢٤٧, ٢٧٤, ٣٥٥, ٣٦٣). بۆ هەمان فەرمودە لە سەرچاوە فەرمودەییەكانی شیعەدا، بڕوانە:(الكليني، ١٣٦٧ش: ١٤٨/٣) (القاضي النعمان، ١٩٦٣: ١٦٢/٢).

[2] - دەق فەرمودەكە:"إِنَّ أَحْسَنَ مَا زُرْتُمُ اللَّهَ بِهِ فِي قُبُورِكُمْ، وَمَسَاجِدِكُمْ، الْبَيَاضُ". بڕوانە:(ابن ماجة، ٢٠٠٩: ٥٨٠/٤).

[3]- دەق فەرمودەكە:"إِنَّ لِلَّهِ مَلائِكَةً مُوَكَّلِينَ بِأَبْوَابِ الْجَوَامِعِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، يَسْتَغْفِرُونَ لأَصْحَابِ الْعَمَائِمِ الْبِيضِ". بروانة:(الخطيب البغدادي، ١٩٩٧: ٢١٠/١٤). فەرمودەكە هەڵبەستراوە, بڕوانە:(الذهبي، ١٩٦٣: ٣٨٥/٤).

[4]- (الكليني، ١٣٦٧ش: ٦٥/٥). (قوهي) پۆشاكێكی فارسی سپی بووە لە دەڤەری (كوهستان)ی نێوان نیشاپورو هیراتداو بەتایبەتی لە شارۆچكەی (كوهستان) لە كرمان، چنراوە. بڕوانە:(الأمين، ١٩٨٣: ٢٦٧/٧).

[5]- (القمي، ١٤٠٤هـ: ٢٦٨/١) (العيني، د.س: ٧٧/١٧) لەهەندێك گێڕانەوەدا مێزەریان ڕەش، سەوز، زەردو سور بووە، نەك سپی، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:(ابن سعد، ١٩٩٠: ١١/٢) (ابن الجوزي، ١٩٩٢: ١١٧/٣). هەروەها بۆ سەرچاوەكانی شیعە، بڕوانە:(القاضي النعمان، د.س: ٢٦١/٣) (ابن شهر آشوب، ١٩٥٦: ٦٦/١-٦٧، ١٦٩/٢).

[6]- (الكليني، ١٣٦٥ش: ١٦٧/٢) ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە جنۆكەی نوسەیبین كە ناوچەیەك بووە لەیەمەن، لەپاشخانی ئایینی سوننەو شیعەشدا بایەخێكی زۆری پێدراوە، بڕوانە:(الثعلبي، ٢٠٠٣: ٢١/٩).

[7]- (ابن حماد، ١٩٩٣: ١٨٨-١٨٩) (المقدسي، د.س: ١٧٥/٢-١٧٦). ئەم وتەیە دەدرێتە پاڵ (عمار بن یاسر)، (رشدین بن سعد) لە (ابن لهیعە)وە دەیگێڕێتەوە، كە هەردو كەسایەتییەكە لە زانستی فەرمودەناسیدا بە لاواز ناسێنراون، بەتایبەتی یەكەمیان گێڕانەوەی لێوەرنەگیراوەو جێگەی باوەڕ نییە. بڕوانە:(ابن عدي، ١٩٩٧: ٦٩/٤).

[8]- (ابن سعد، ١٩٩٠: ٢/١،٨١/٣٥٢) (ابن ماجة، ٢٠٠٩: ٩٣/٤) (الخطيب البغدادي، ١٩٩٧: ٣٣٤/١٤) (ابن الجوزي، ١٩٩٢: ٢٩٣/٣). واتە (لواء)ی سپیو (الراية)ی بەیداخی ڕەش بووە . دەوترێت بەپێچەوانەوە قوڕەیش ئاڵاكەی سپی بووەو بەیداخەكەیان ڕەش بووە. بڕوانە: (فوزي، د.س: ٥٣). هەرچەندە دەوترێت (الراية) بەمانای (اللواء) دێت و مەبەست لەهەردوكیان ئاڵای سوپایە (ابن حجر العسقلاني، د.س: ٣٦٥/٧)، بەڵام لەڕاستیدا (اللواء) بەو ئاڵایە وتراوە كە كراوە بەسەری ڕمەوە، بەهۆی پێچرانەوەی بەدەوری ڕمەكەدا پێیوتراە (لواء) ئاڵای سوپاكە بووەو لەگەڵ سەرۆكی سوپادا بووەو گەورە بووە، بەڵام (الراية) بچوكتر بووە (العيني، د.س: ٢٣٢/١٤-٢٣٤). (اللواء) ئاماژەو هێما بووە بۆ گەڕانەوەو كۆبونەوەی سوپا (الجاحظ، ١٤٢٣هـ: ٤٤٥/١)؛ هەروەها لەسەرەتادا سەركردەی سوپا هەڵیگرتووە، دواتر بەسەر سەرییەوە گرتویانە، بۆیە بەئاڵای گەورە وتراوە (لواو)و ئاماژەبووە بۆ شوێنی سەركردەی جەنگ، واتە كەژاوەی ئەمیر. (ابن حجر العسقلاني، د.س: ٨٩/٦) (العيني، د.س: ٢٣٢/١٤) بۆ لێكدانەوەو تاوتوێكردنی زیاترو جیاوازی نێوانیان، بڕوانە:(فوزي، د.س: ص٤٩-٥٠).

[9]- (ابن سعد، ١٩٩٠: ١٠٠/٢) (ابن عساكر، ١٤٢٢هـ: ٢٢/٢) ئاڵای (قضاعة) لەپێش ئیسلامدا، سپی بووە. بڕوانە:(فوزي، د.س: ٥٥).

[10]- (ابن شهر آشوب، ١٩٥٦: ٨٩/٣) بۆ زانیاری دەربارەی دو ئاڵاكە، بڕوانە:(الطبري، ١٣٨٧هـ: ٣٥٦/٧) (ابن الجوزي، ١٩٩٢: ٢٧٠/٧).

[11]- بڕوانە:(الحموي، ١٩٩٣: ٢٧٩٩/٦-٢٨٠٠؛ الحموي، ١٩٩٥: ٨٥/١، ٢٩٥، ٥/٢).

[12]- بۆنمونە، چەندین هاوەڵی پێغەمبەر بەوە ناسراوان، لەوێنەی (جبلة بن ثعلبة الأنصاري الخزرجي البياضي، حبيب بن زيد بن تميم الأنصاري البياضي، خالد بن قيس بن مالك بن العجلان الأنصاري الخزرجي البياضي، عبد الله بن جابر الأنصاري البياضي، زيد بن لبيد بن ثعلبة بن سنان الأنصاري البياضي، زيد بن الدَثِنة بن بياضة الأنصاري البياضي،...). بۆ چەندین ناوی دیكەش، بڕوانە:(ابن حجر العسقلاني، ١٤١٥هـ: ٦٥٦/١، ١٧/٢، ٢١٢، ٢٨٩؛ ٤٨٤، ٥٠٠، ٥١١، ١١٨/٣، ١٢٦، ٣٠/٤، ١٧٧، ١٨٨، ٢١٩..).

[13]- (الطبري، ١٣٨٧ه: ٢٩٤/٩) بۆ ڕووداوەكان، بڕوانە:(الطبري، ١٣٨٧ه: ٢٥٦/٩-٢٨٤،٢٥٩-٣١٧).

[14]- (الطبري، ١٣٨٧ه: ٦٣٢/٩) (ابن خلدون، ١٩٨٨: ٣٢٠/١) هەرچەندە مەسعودی دەڵێت:"خەڵكی لەنێو هەواڵی سپییەكاندا باسی سەركردەی زەنجیان كردووە. بڕوانە:(المسعودي، ٢٠٠٥: ١٥٧/٤).

[15]- (الطبري، ١٣٨٧ه: ٤٤٤/٩) (ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٣٣١/٣) (ابن عساكر، ١٤٢٢ه: ٥٢/١٢-٦١) دەشوترێت لەئاكامی دەستدرێژیی سەركردەیەكی سوپاكەی (عبد الله بن عليّ) ئافرەتانی نەوەكانی (مسلمه بن عبد الملك) سكاڵای خۆیان بردۆتە لای (أبي الورد)، ئەویش سەركردەكەی كوشتووە. بڕوانە:(ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٣٣١/٣).

[16]- بۆ ڕاپەڕینەكە، بڕوانە:(الطبري، ١٣٨٧ه: ١٩٢/٨-١٩٩).

[17]- (أبو الفرج الأصبهاني، ١٩٦٥: ٣٤٤-٣٤٨) لەگێڕانەوەی (المسعودي)دا (ابن طباطبا)ی لەگەڵدا بووە، واتە لەبنەمادا ڕاپەڕینەكە ئەی (ابو السرايا) بووە. بڕوانە: (المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٢/٤).

[18]- (ابن الخياط، ١٩٩٣: ٣٨٥-٣٨٦) (اليعقوبي، د.س: ٤٤٥/٢) جیاوازی هەیە لەناوی ئەو كەسەی بۆ بەسرەو مەككە داینادون، بڕوانە:(المسعودي، ٢٠٠٥: ٢٢/٤) (أبو الفرج الأصبهاني، ١٩٦٥: ٣٢٧). لە (أبو الفرج الأصبهاني، ١٩٦٥: ٣٨١)دا بەهەڵە ناوی (ابن الأفطس) بە ( محمد بن عبدالله بن الحسن بن علي بن علي ابن الحسين بن علي بن أبي طالب) هاتووە.

[19]- (الأمين، ١٩٨٣: ٢٣٠/٥) بەهەڵە وتراوە ساڵی (٣٠٢ك) بووە. بڕوانە:(ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٨٩/٥). بۆ زانیاری لەسەر ڕاپەڕینەكە، بڕوانە:(عريب القرطبي، ١٣٨٧ه: ١١٩/١١).

[20]- (الذهبي، ١٩٨٥: ١١٦/١٦) نازناوەكەی بە (المهدي لدين الله)ش هاتووە. بڕوانە:(ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٢٤٩/٦) بۆ زانیاری لەسەر ڕاپەڕینەكە، بڕوانە:(ابن مسكويه، ٢٠٠٠: ٢٤٧/٦، ٢٤٩، ٢٥٤).

[21]- (الثعالبي، د.س: ٦٥٢) بۆ زانیاری لەسەر ڕاپەڕینەكە، بڕوانە:(ابن الجوزي، ١٩٩٢: ٣٤٧/١٥-٣٤٩، ٨/١٦-٥٥).

[22]- (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٤) هەرچەندە وتراوە ناوی حەكیم بووە، بەڵام ناوی (عطاء) بووە. بڕوانە: (الجاحظ، ١٤٢٤ه: ٤٦٩/٧) (ابن خلكان، ١٩٩٤: ٢٦٣/٣). خەڵكی گوندێكی سەر بە مەرۆ بوون بەناوی (كازە كیمن) یان (كارە وكان). بڕوانە:(المقدسي، د.س: ٩٧/٦) (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٣).

[23]- (الجاحظ، ١٤٢٤ه: ٤٦٩/٧) (المقدسي، د.س: ٩٧/٦) (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٣) (السمعاني، ١٩٦٢: ١١١/٦) (ابن خلكان، ١٩٩٤: ٢٦٣/٣). دەوترێت وەك پەرجووی خوداوەندبوونی، مانگی لەبیرێكەوە هەڵهێناوە، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:(الثعالبي، د.س: ٦٥٢) (ابن خلكان، ١٩٩٤: ٢٦٤/٣).

[24]- (نظام الملك، ١٤٠٧ه: ٢٨٥) بۆ پشتگیرییەكانیان لەیەكتر، بڕوانە:(نظام الملك، ١٤٠٧ه: ٢٨٥-٢٩١).

[25]- (الشهرستاني، ١٤٠٤ه: ١٥٣/١-١٥٤) بۆیە دەوترێت شوێنكەوتەكانی موقەننەع لەودیو ڕووبار بە سپییەكان ناسراون، بڕوانە:(البغدادي، ١٩٧٧: ٢١٥، ٢٤١) (الإسفراييني، ١٩٨٣: ١٣٠).

[26]- (الطبري، ١٣٨٧ه: ١٣٥/٨) (المقدسي، د.س: ٩٧/٦) (البغدادي، ١٩٧٧: ٢٤٤). دەشوترێت ژەهری كردۆتە ناو مەیو خۆی و خانەوادەكەی لەم ڕێگەیەوە ژەهرخوارد كردووە. بڕوانە:(الثعالبي، د.س: ٦٥٢).

[27]- (السمعاني، ١٩٦٢: ١٨٩/٥) لەلای (ابن الاثير) هەمان دەق هەیە، ئەگەری زۆرە بەبێ ئاماژەدان بەسەرچاوەكە، ڕاستەوخۆ دەقەكەی (السمعاني) گواستبێتەوە، نەك ئەوەی خۆی بێت، بەومانایەی هەتا سەردەمی ئەویش مابن، چونكە دەقەكەی (البغدادي)شی گواستۆتەوە كە دەڵێت:"سپییەكانی ئەودیو ڕوبار لە ئیلاق، لەسەر ڕێچكەی موقەننەعن". بڕوانە:(ابن الاثير، ١٩٨٠: ٣/٢،٢٣/١٦٠-١٦١).